موقف الحركة الإسلامية من القصف الكيمياوي على حلبجة

عثمان فارس محمد
osman.muhamad@uoh.edu.iq
جامعة حلبجة / كلية العلوم الإنسانية / قسم التاريخ
أ.م.د. عادل صادق علي
adl.ali@uoh.edu.iq
جامعة حلبجة / كلية العلوم الإنسانية / قسم التاريخ

**الكلمات المفتاحية**: إيران، الهجوم، حلبجة، حكومة العراق، القصف الكيمياوي، موقف الحركة الإسلامية.

**كيفية اقتباس البحث**

محمد , عثمان فارس , علي , عادل صادق , موقف الحركة الإسلامية من القصف الكيمياوي على حلبجة,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The Islamic Movement's position on the chemical bombing of Halabja

**Othman Fares Muhammad**

osman.muhamad@uoh.edu.iq

**Halabja University/Faculty of Humanities/Department of History**

**Assistant Professor Dr. Adel Sadiq Ali**

adl.ali@uoh.edu.iq

**Halabja University/Faculty of Humanities/Department of History**

**Keywords** : Iran, attack, Halabja, Iraqi government, chemical bombardment, stance of the Islamic Movement.

**How To Cite This Article**

Muhammad , Othman Fares ,Ali , Adel Sadiq , The Islamic Movement's position on the chemical bombing of Halabja ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

CC BY NC ND

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract

The initial capture of the city of Halabja was part of a joint plan between Iran and the Patriotic Union of Kurdistan (PUK), later joined by other Kurdish parties. Although the Islamic Movement had participated in all the joint meetings of the Kurdish and Iranian forces, and its troops had even carried out military exercises, the general leadership of the Islamic Movement issued orders a few days before the attack prohibiting its forces from taking part. Consequently, the movement did not participate in the seizure of the city.

Prior to the chemical bombardment of Halabja, the Islamic Movement attempted to evacuate the civilian population, but stronger opposition within the movement prevented the plan from being carried out. After the massacre, the movement rushed to assist the wounded and document the victims, becoming the first Kurdish party to record and widely disseminate images of this crime. The movement also made considerable

efforts to raise international awareness of the massacre, initiating contact with other Kurdish parties to cooperate in delivering the victims' voices to the world.

Mullah Ali Abdul Aziz became the first Halabja witness to testify before the international court against the Ba'ath regime. On the media front, the Islamic Movement organized several exhibitions displaying images of the victims and published articles and reports in Nafeer magazine, among others, while also sending memoranda and documents to relevant international organizations.

This research relies on the descriptive–analytical historical method, addressing and analyzing the events related to the attack and capture of Halabja, while also evaluating historical sources and highlighting the role of the Islamic Movement in documenting and publicizing this crime at both the local and international levels.

ملخص البحث

تشكل بدء السيطرة على مدينة حلبجة ضمن خطة مشتركة بين إيران والاتحاد الوطني الكردستاني، ثم لحقت بها بقية الأحزاب الكردية. ورغم أن الحركة الإسلامية كانت قد شاركت في جميع الاجتماعات المشتركة للقوى الكردية والإيرانية، بل وأجرت قواتها تدريبات عسكرية، إلا أن القيادة العامة للحركة الإسلامية أصدرت قبل أيام قليلة من الهجوم أوامر بعدم مشاركة قواتها في العملية، وهو ما أدى إلى عدم مشاركتها في السيطرة على المدينة.

قبيل القصف الكيمياوي للمدينة حاولت الحركة الإسلامية إخلاء سكانها، غير أن إرادة أقوى داخلها لم توافق على تنفيذ ذلك. وبعد المجزرة بادرت الحركة إلى تقديم المساعدة للجرحى وتوثيق صور الضحايا، لتكون أول طرف كردي يوثق هذه الجريمة وينشرها على نطاق واسع. كما سعت الحركة بشكل كبير إلى التعريف بالمجزرة على المستوى الدولي، حيث اتصلت بالقوى الكردية الأخرى بغية التعاون لإيصال صوت الضحايا إلى العالم.

وكان الملا علي عبد العزيز أول شاهد من أهالي حلبجة يمثل أمام المحكمة الدولية للشهادة ضد نظام البعث. وعلى المستوى الإعلامي أقامت الحركة عدة معارض عرضت فيها صور الضحايا، فضلا عن نشر مقالات وتقارير في مجلة نفير وغيرها، كما أرسلت مذكرات ووثائق للمنظمات الدولية ذات الصلة.

اعتمد هذا البحث على المنهج التاريخي الوصفي التحليلي، إذ جرى تناول وتحليل الأحداث المتعلقة بالهجوم والسيطرة على حلبجة، إلى جانب نقد المصادر التاريخية، مع إبراز دور الحركة الإسلامية في توثيق وتعريف هذه الجريمة على الصعيدين المحلي والدولي.

# هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیاییبارانی هەڵەبجە

عثمان فارس محمد
osman.muhamad@uoh.edu.iq
زانکۆیی هەڵەبجەی شەهید/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی مێژوو
پ.ی.د.عادل سدیق علی
adl.ali@uoh.edu.iq
زانکۆیی هەڵەبجەی شەهید/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ بەشی مێژوو

پوختە:

سەرەتای گرتنی شاری هەڵەبجە پلانێکی دوو قوڵی ئێران و ی.ن.ک بوو، دواتر حیزبە کوردییەکانی دیکە بانگ دەکەن بۆ ئەم پلانە، هەرچەندە بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری هەموو کۆبوونەکانی لایەنە کوردییەکان و ئێرانی کردبوو، تەنانەت هێزەکانی بزووتنەوە مەشقی سەربازیشیان کردبوو، بەڵام رابەری گشتی بزووتنەوە ئیسلامی چەند رۆژێک پێش هێرش و گرتنی هەڵەبجە فەرمان بەهێزەکانی بزووتنەوە دەکات بەشداری نەکەن، بۆیە بزووتنەوە بەشداری گرتنی هەڵەبجە ناکەن. پێش لێدانی شارەکە بە کیمیایی بزووتنەوە هەوڵیدا کە خەڵکی شارەکە چۆڵ بکەن، بەڵام ئیرادەیەکی گەورەتر لە بزووتنەوە ئەم کارەیان بەلاوە پەسەند نەبوو، پاشان لە دوای کیمیاییبارانکردنی شاری هەڵەبجەوە بزووتنەوە هەستا بە ناشتنی کوژراوان و هاوکاری بریندارەکانی دەکرد، بزووتنەوە یەکەمین لایەنی کوردی بووکە وێنەی قوربانییەکانی ئەم تاوانەی تۆمارکرد پاشان بڵاوی کردەوە، هاوکات بزووتنەوە هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی ئەم تاوانە بناسێنێت، بۆ ئەم کارە سەرەتا پەیوەندی کرد بەلایەنە کوردییەکانەوە بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتری بکەن لە گەیاندنی ئەم تاوانە بە هەموو جیهان، یەکەمین کەسێکی هەڵەبجەیی کە وەک شایەتحاڵێکی ئەم رووداوە لە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی شکاتی لە رژێمی بەعس کرد مەلاعەلی عەبدولعەزیز بوو، لە سەرئاستی راگەیاندن بزووتنەوە چەندین پێشانگای کردەوە و وێنەی قوربانیانی هەڵەبجەی تێدا نمایش کردوە، هاوکات لە بواری بڵاوکراوەی نووسراویشدا هەوڵی خۆیداوە بۆ ئەم کارە بەتایبەتی لە رێگەی گۆڤاری نەفیرەوە لە سەرئەم تاوانەی نووسیوە و بڵاوی کردوەتەوە، ئەمە جگە لە نووسینی چەندین یاداشت کە بۆ رێکخراوە جێهانییەکانی ناردوە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژووی شیکاری بەستراوە، تێیدا شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ رووداوە مێژووییەکانی پەیوەست بە هێرش و گرتنی هەڵەبجە کراوە، لەلایەکی ترەوە هەڵهێنجانی سەرچاوە مێژووییەکان کراوە و هاوکات رۆڵی بزووتنەوەی دەرخستووە لە ناساندنی ئەم تاوانەدا.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

**وشە کلیلییەکان:** (ئێران، هێرش، هەڵەبجە، حکومەتی عێراق، کیمیاییباران، هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی)

**پێشەکی:**

ڕووداوی تاوانی کیمیاییباران کردنی هەڵەبجە، یەکێک بوو لە دوا ئەڵقەکانی جەنگە ماڵوێرانکەرە هەشت ساڵییەکەی ئێران–عێراق، بۆ کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە کەشی یەکێک بوو لە کارەساتە تراژیدییەکانی دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو، کە تیایدا کورد و خاکەکەی زۆرترین قوربانییاندا، بەبێ ئەوەی بەشێک بن لە ململانێ مێژوویی و درێژخایەنەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، ئەم ڕوداوە نەک هەر بۆ کورد خۆی، بەڵکوو بۆ تەواوی جیهانیش شۆکێکی گەورە بوو.

هەڵەبجە مەڵبەند و ناوەندێکی گرنگی درووستبوونی زۆربەی حیزبە ئیسلامییەکانی باشووری کوردستانە، هەر لە ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەمەوە جمجۆڵی ئیسلامی لەم شارەدا سەری هەڵداوە، لەدوای ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە بیرۆکەی دروستبوونی هێزی ئیسلامی چەکدار لە باشووری کوردستان گەشەی کردووە، پاش خۆپیشاندانەکەی ١٣/٥/١٩٨٧ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان و مەلاکانی شاری هەڵەبجە، لێرەوە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٨٧ لە وڵاتی ئێران بزووتنەوەی ئیسلامی دادەمەزرێت. بزووتنەوەی ئیسلامی حیزبێک بوو کە زۆرنە بوو دروست بووبوو، بەڵام بە حوکمی ناوچەیی و شوێنی جوگرافی کە زۆربەی سەرکردە و بنکەی جەماوەری ئەم حیزبە لە ناو هەڵەبجە و دەوروبەری بوون و پێشمەرگەکانی بزووتنەوە شارەزاییەکی زۆر چاکی ناوچەکە بوون، بۆیە بۆ ئێرانییەکان و ی.ن.ک گرنگ بوون کە بەشداری بکەن.

گرتنی شاری هەڵەبجە پلانێکی دووقۆڵی ئێران و یەکێتی بوو، دواتر حیزبە کوردییەکانی دیکە بانگ دەکەن بۆ ئەم کارە، هەرچەندە بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری هەموو کۆبوونەکانی ئێران و حیزبە کوردییەکانی کردبوو، بەڵام ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی چەند ڕۆژێک پێش هێرشی گرتنی هەڵەبجە فەرمان بەهێزەکانی بزووتنەوە دەکات بەشداری گرتنی هەڵەبجە نەکەن. لێرەوە دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزینەوە کە ئایا بۆچی بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری ئەم هێرشە ناکات یان هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە چۆنە، ئەمەش هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەمان بوو بەناوی(**هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیاییبارانی هەڵەبجە).**

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەییە ئامانجیەتی کە باس لە هەڵوێستی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان بکات کە ئەویش بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عێراقە، ئەوەی لەم تاوانە دا بەر

پرسیارێتی و بەشێک لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەی دەکەوێتە ئەستۆ لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانییە کە سەرەڕای ئەوەی سروشتی بەعس و ڕقی ژەهراوی لە مێژینەی ئەویان ناسیبوو دژی شاری هەڵەبجە، بەڵام لەگەڵ سوپای ئێراندا هەماهەنگییان کرد و ئەو پاساوەیان بۆ ڕژێمی بەعس دروستکرد کە بۆی دەگەڕا تاوەکوو تۆڵەی لە مێژینە لە خەڵکی هەڵبجە بکاتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەییەدا میتۆدی مێژوویی شیکاریمان بەکارهێناوە و هەموو سەرچاوەکانمان کەشف کردووە، وێڕای چاوپێکەوتنی کەسانی ناو ڕووداکان کە ئەوکاتە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی بوون.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەییە دەخوازێت وەڵامی چەند پرسیارێکی پەیوەست بە تاوانەکە بداتەوە، لەوانە: بە گرتنی هەڵەبجە کە بەشێک بوو لە خاکی عێراق پاساوی دروست دەکرد بۆ ڕژێمی عێراق کە بە توندترین چەک لێی بدات؟ بۆچی لایەنە کوردییەکان ئەم پاساوەیان دروستکرد؟ بۆچی بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری گرتنی شاری هەڵەبجەی نەکرد لەکاتێکدا پێشتر لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئێران و لایەنە کوردییەکان بەشداربووە؟ تەنانەت بزووتنەوە بەشداری مەشقەکانی کردوەکە لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە حیزبە کوردییەکان دەکرا کە تایبەت بوو بە گرتنی هەڵەبجە؟، پاشان بۆ چی نە یانهێشت خەڵکی هەڵەبجە شار بەجێبهڵن، ئەوانەش کە ڕۆشتبوون بۆچی گەڕاندنیانەوە؟ ئامانجی هەریەکە لە بزووتنەوە و ئێران چی بووە لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی کەیسی کارەساتی تاوانی هەڵەبجە؟ چیبوە هۆکاری ئەوەی کە ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی هەست بە مەترسیەکی گەورە بکات لە داگیرکردنی شاری هەڵەبجەدا؟گرتنی هەڵەبجە چ سود و بەرژەوەندییەکی بۆ ئێران و لایەنە کوردییەکان تێدا بوو؟.

**پێکهاتەی توێژنەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە بەشێک و چەند تەوەرێک، بەم شێوەیە دابەشکراوە ناو نیشانی توێژینەوە کە بەناوی(**هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیابارانی هەڵەبجە**) ، دواتر لە تەوەرەی یەکەمدا بە ناوی(**ئامادەکارییەکانی بزووتنەوە بۆ گرتنی شاری هەڵەبجە**) لێرەدا باسمان لە هەموو کۆبوونەوەکانی بزووتنەوە و حیزبە کوردییەکان کردوە بۆ گرتنی شاری هەڵەبجە، باسی هێزەکانی بزووتنەوە و گەڕانەوەیان بۆ دەوروبەری هەڵەبجە و دانانی مقەڕ لە گوندی چنار و مۆردین و پاشان باسی بڕیاری بە شداری نە کردنی بزووتنەوەمان لەم هێرشەدا کردووە، لە تەوەرەی دووەمدا بەناوی(**هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیابارانی هەڵەبجە**) بزووتنەوەی ئیسلامی لە دوای نامەکەی مەلاعوسمان عەبدولعەزیز بەشداری گرتنی شاری هەڵەبجە ناکەن، بەڵام دواتر دێنە ناو شار، لە دوای گرتنی هەڵەبجە بزووتنەوە زۆر هەوڵیدا کە خەڵکی شارە کە بە جێبهێڵن بەڵام بزووتنەوە هێزێکی هێندە

گەورە نەبوو کە کاریگەری لە سەر ڕووداوەکان دروست بکات، ئەوەشیان بە خەڵکی ڕادەگەیاند کە ڕژێم دەستەوسان نابێت و هێرش دەکاتەوە پێویستە شار جۆڵکەن. لە تەوەرەی سێیەمدا بەناوی**(ڕۆڵی بزووتنەوەی ئیسلامی لە گەیاندن و ناساندنی تاوانی هەڵەجە بە دونیای دەرەوە)** لێرەدا باس لەو هەوڵ وچالاکییانەی بزووتنەوە دەکەین کە کاری بۆناساندنی ئەم تاوانە کردبوو، چەند ڕۆژێک دوای تاوانە کە ڕاگەیاندنی بزووتنەوە توانی چەندین ڕەسمی کوژراوان بگرێت و لە چەندین شوێنی جیاجیا بڵاوی بکاتەوە، سەرەتا بزووتنەوە پەیوەندی بەلایەنە کوردییەکانەوە کرد بۆ هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی تاوەکوو ئەم کارەساتە بە دنیایی دەرەوە بناسێنن، یەکەمین کوردێک لە دادگای نێودەوڵەتی وەک شایەتحاڵێکی بەکارهێنانی کیمیایی دژی ڕژێم ئامادەی بەردەم دادگای جنێف بوو مەلا عەلی عەبدولعەزیز بوو، ئەمە جگە لە نووسینی چەندین یاداشت بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکان جیهانییەکان، هەروەها بەشداریکردنی بزووتنەوە لە کۆڕ و کۆبوونە وەکانی جیهانی ئیسلامی و ناساندنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕژێمی بەعس و تاوانبارکردنی ڕژێم بە ئەنجامدانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، پاشان بوارێکی تری ناساندنی تاوانی کیمیاییایی هەڵەبجە ئەو نووسین وبڵاوکراوانەی میدیای بزووتنەوەی ئیسلامی بوو کە کاری لە سەردەکرد بەتایبەتی گۆڤاری نەفیر.

**سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەییەدا پشت بە چەند کتێب، نامەی ئەکادیمی، گۆڤار و چاوپێکەوتنی گرنگ بەستراوە، بەنموونە کتێبی: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، لە نووسینی شەوکەتی حاجی مشیر، ئەم کتێبە زانیاری بەسودی بۆ توێژینەوەکە تێدا بووە، هەروەها کتێبی ڕۆمەڵخەزای هەڵەبجە، کە لەلایەن هاودەنگ محەمەد فەرەج ئامادەکراوە سوودمان لێ وەرگرتووە، نامەی ئەکادیمی وەک: سیاسەتی ئێران بەرانبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥-١٩٨٩) لەلایەن فاروق محەمەد محەمەد ئەمین نووسراوە، هەروەها نامەی کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران-عێراقدا هەڵەبجە ١٩٨٨/٣/١٦ بە نموونە، لەلایەن عادل سدیق عەلی نووسراوە، سودێکی زۆرمان لێ وەرگرتوون. جگە لەم کتێب و نامە ئەکادیمییانە سودمان لە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک وەرگرتوە کە ساڵانە تایبەتکراوە بە یادی تاوانی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە. پاشان چەند چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ کەسانی ناو ڕوداوەکاندا وەک(مەلا مەحمودی ئازادی، فاروق عەلی، عەبدولرەحمان مەلا عوسمان) ئەنجامداوە.

**گرفتی توێژینەوەکە:**



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم توێژینەوەدا ئەوەی گرفت بێت، ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆر بەسەر تاوانەکەدا گوزەری کردوە و کارەکتەری ناو ڕوداوەکان زۆریان مردوون، ئەوانەش کە لە ژیاندان یاداشت و بیرەوەریان نەنووسیوەتەوە، بۆیە بە هۆیی هەڵکشانی تەمەنەوە هەندێک جار ڕووداوەکانیان وەک خۆی بیرنەماوە.

**باسی یەکەم/ هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیابارانی هەڵەبجە**

**تەوەری یەکەم/ ئامادەکارییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ هێرشی سەر هەڵەبجە:**

دوای شکستهێنانی دانوستانەکانی نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراق لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٨٥، ئێران دڵنیابوو لەوەی یەکێتی بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی عێراقی پچڕاندووە و کۆتایی بە دانوستاندن هێناوە، لێرەوە گۆڕانی بەرچاو لە هەڵوێستی ئێران بەرانبەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕوویدا، بۆ ئەم مەبەستە یەکێتی و قەرارگای ڕەمەزان لە شاری کرماشان ڕێکەوتنامەیەکیان لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦ واژۆکرد، نوێنەری یەکێتی جەلال تاڵەبانی و نوێنەری ئێرانییەکانیش محەمەد باقر زولقەدر بوو. لێرەوە هەموو لایەنە کوردییەکان دەبنە هاوپەیمانی ئێران، لە ئەنجامی شکست و پێشڕەوی نەکردنی هێزەکانی لە بەرەکانی جەنگدا ئێرانییەکان ستراتیجی خۆیان گۆڕی، بە هاوکاری هێزە کوردییەکان، بەرەیەکی نوێی شەڕیان لە کوردستان کردەوە، بەوەش کوردستان بووبە یەکێك لە مەیدانە گەرمەکانی شەڕی عێراق و ئێران.[1]

لە کانوونی دووەمی ١٩٨٦ ئێران کۆنگرەیەکی فراوانی بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق لەژێر ناوی (کۆنگرەی پشتیوانی گەلی عێراق) لە ئوتێل ئیستقلالی شاری تاران ڕێکخست، لەنێو لایەنە کوردییەکاندا نوێنەری هەریەکە لە (یەکێتی، پارتی، حسک و بزووتنەوەی پەیوەندی) و چەند پارتێکی تری دروستکراوی کۆماری ئیسلامی ئێران بەشدارییان کرد، شاندی پارتی بە سەرۆکایەتی ئیدریس بارزانی و شاندی یەکێتی بە سەرۆکایەتی نەوشیروان مستەفا و شاندی حسک بە سەرۆکایەتی ڕەسوڵ مامەند و شاندی بزووتنەوەی پەیوەندی بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد بەرزنجی بوو، ئەوە یەکەمین جار بوو ئەو چوار حیزبە بە تەبایی و یەکگرتوویی لە کۆنگرەیەکی فەرمیدا بەشداری بکەن و لە پرسەکاندا ڕاوێژ بەیەکتر بکەن.[2]

---

[1]. فاروق محەمەد محەمەدئەمین: سیاسەتی ئێران بەرانبەر جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان(١٩٧٥-١٩٨٩)،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی،2014، ل٢٥٥-٢٦٦.

[2]. ئومێد ناسح جیهانی: جینۆسایدی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی،٢٠٢٣، ل١٧٠-١٧٤.

دوای دەستپێکردنی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر سەرکردایەتی یەکێتی لە ١٩٨٨/٢/٢٢، لەپێناو سوککردنی فشارەکانی سەر سەرکردایەتی، یەکێتی بەخێرایی لەگەڵ ئێرانییەکان دەستی بە گفتوگۆ کرد، ئامانج لە گفتوگۆکەش جێبەجێکردنی یەکێک لەو دوو پلانە بوو، کە پێشتر بۆ گرتنی (قەڵادزێ و هەڵەبجە) دانرابوو، کە زیاتر لە شەش مانگ بوو باسی لێوە دەکرا، دوای هەڵسەنگاندن بڕیاردرا کە هێرشی سەر هەڵەبجە پێش بخرێت، چونکە قەڵادزێ دەکەوتە پشتی سەرکردایەتی یەکێتی، ئەو ناوچەیەش هێزێکی زۆری حکومەتی عێراقی لێ بوو، بەوهۆیەشەوە هێرشەکە نەك هەر نەدەبووە هۆی سوککردنی فشارەکانی سەر سەرکردایەتی، بەپێچەوانەوە دەبووە هۆی دروستبوونی مەترسی بۆ سەر تاکە ڕێگەی هاتوچۆی نێوان ئێران و سەرکردایەتی یەکێتی و گەیاندنی ئازووقە و چەک و تەقەمەنی و ڕەوانەکردنی بریندارەکان بۆ ئێران، بەڵام ناوچەی هەڵەبجە دوورتر بوو لە سەرکردایەتی یەکێتی و سوپای عێراقیش لەو ناوچەیەدا بێ ئاگا و لاوازتر بوو، هەربۆیە بڕیار لەسەر گرتنی هەڵەبجە درا.[٣]

ئامانجی ستراتیژی نوێی ئێران لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و باکووری عێراق، ئەوە بوو کە حکومەتی عێراقی بەشێك لە سوپاکەی لە باشوورەوە بۆ ئەو ناوچانە بگوازێتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم ئۆپراسۆنە یەکەم کۆبوونەوەی هاوبەشی لە نێوان نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێتیدا لە ناوەڕاستی شوباتی ١٩٨٨ لە کرماشان ئەنجامدرا، کۆبوونەوەکە چوار ڕۆژی خایاند، دواجار لەسەر (١٧) خاڵی هاوبەش ڕێککەوتن، لەم ڕێکەوتنەکەدا (محەمەد تەهرانی) نوێنەرایەتی ئێرانییەکان و (فەریدون عەبدولقادر و شەوکەت حاجی مشیر) نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دەکرد.[٤]

دواتر بە فەرمی و لە ڕێگەی قەرارگای ڕەمەزانەوە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بۆ کۆبوونەوەیەک لە بارەگای قەرارگای ڕەمەزان لە کرماشان بانگهێشتکران، نوێنەرانی لایەنەکانیش بۆ ئەم کۆبوونەوەیە پێکهاتبوون لە:

-نەوشیروان مستەفا، فەریدون عەبدولقادر، شەوکەت حاجی مشیر لە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان).

-ڕەسوڵ مامەند، محەمەدی حاجی مەحمود، شێروان شێروەندی لە (حسک).

-مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، مەلا عەلی عەبدولعەزیز، شێخ محەمەد بەرزنجی، مەلا مەحمودی ئازادی، مەلا عەلی بیارە، عەبدولڕەحمان نەورەسی لە (بزووتنەوەی ئیسلامی).

---

[٣]. شەوکەت حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە،چاپی یەکەم، سلێمانی،١٩٩٦، ل٨٢-٨٣.

[٤]. فاروق محەمەد محەمەد ئەمین: س،پ، ل٢٩٧.

-شێخ محەمەد خالید لە حیزبی شۆڕشگێری ئیسلامی.

-ئەدهەم بارزانی لە حیزبوڵلا.

-محەمەد باقر حەکیم، عەبدولعەزیز حەکیم، هادی عامری، لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق.

-نوێنەرانی ئێرانییەکانیش پێکهاتبوو لە (عەلی شەمخانی، محەمەد باقر زولقەدر، دەهقانی، تارانی، شەهلایی، موحسینی ڕەزایی).

لەو کۆبونەوەیەدا ئێرانییەکان بە ئاشکرا بە لایەنە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکانیان ڕاگەیاند، کە ئەوان بە نیازی کردنەوەی بەرەیەکی نوێی شەڕن لە ناوچەکانی هەڵەبجە و شارەزوور، دوای ئەوەی لایەنەکان ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی، ئێرانییەکان داوایانکرد هەموو لایەنەکان نوێنەری خۆیان بۆ لیژنەی هەماهەنگی تایبەت بەو کارە دیاری بکەن.(٥)

پاش ئەم کۆبوونەوەیە، بزووتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵییان لە بارەگای یەکێتی لە شاری پاوە ڕێکخست، نوێنەرانی بزووتنەوە (مەلا عەلی عەبدولعەزیز و شێخ محەمەد بەرزنجی) بوون و نوێنەرانی یەکێتیش بریتی بوون لە (شەوکەت حاجی مشیر و ساڵح قادر)، لەم کۆبونەوەیەدا باسی هاوکارییە دوو قۆڵییەکان کرا، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی لە سنووری هەڵەبجەدا خەڵک و لایەنگریان زۆر بوو بە بەراورد بە لایەنەکانی دیکە و زیاتریش شارەزای ناوچەکە بوون.(٦)

لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی هێرشەکە حیزب و لایەنە سیاسییەکان هێزەکانی خۆیان لە ناوچە سنورییەکانی عێراق و ئێران کۆکردەوە، ئێرانییەکانیش وەک بەڵێنیان پێدابوون پێداویستییەکانیان لە (چەک و تەقەمەنی و جلوبەرگ و خۆراک) بۆ ئامادەکردن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووی ئێران و پێشمەرگەش لەگەڵ ڕژێمدا کاردانەوەی ڕژێم بە چەکی کیمیایی ئەگەرێکی بەهێز بوو، هەربۆیە جلوبەرگی تایبەتی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی، ماسکی دژەگاز، مەڵحەم و دەرزی ئەترۆپین بۆ کاتی پێویست وەرگیرا.(٧)

---

٥. ئومێد ناصح جیهانی: س پ، ل ١٩٣-١٩٥.

٦. شەوکەت حاجی مشیر: س پ، ل ٩٣-٩٤.

٧. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژیی کورد لە جەنگی ئێران-عێراقدا هەڵەبجە ١٩٨٨/٣/١٦ بەنمونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی،٢٠١٣، ل٢٤٣؛

دوای ئەم ڕێ و شوێنانە، لایەنە بەشداربووەکانی ئەم ئۆپراسیۆنە لە بارەگای پارتی لە پاوە کۆبوونەوە، دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر دابەشکردنی قۆڵەکانی شەڕ، بەپێی شارەزایی هەر لایەنێک لە ناوچەکەدا دابەشکران، بەشێوەیەك بەرەی دەوروپشتی هەڵەبجە و شاخی شنرۆێ و گرتنی ناو شاری هەڵەبجە و سیروان و تۆپخانەکانی دەڵەمەڕ بۆ یەکێتی، ئازادکردنی خورماڵ و پشتی ئەحمەدئاوا و بەرزاییەکانی مڵەخورد بۆ پارتی، هێزەکەی سۆسیالیستیش بەرپرس بوون لە گرتنی ڕێگای سەیدسادق – هەڵەبجە، بەتایبەت پردی زەڵم[٨]، ئەوەش لەپێناو ڕێگریکردن لە هاتنی یارمەتی سوپای عێراق بۆ هەڵەبجە و خورماڵ، هێزەکانی فەیلەقی بەدریش گرتنی شاخی شنرۆێ و باڵامبۆیان پێ سپێردرا، هەرچی هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییە بەرپرس بوون لە دابینکردنی کاروباری لۆجستی.[٩]

ئەوەی جێگای تێرامانە، نوێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی لەو کۆبوونەوەیەی کە بەرەکانی شەڕی تێدا دابەشکرا بەشداری نەکرد، بەڵام بەرپرسانی ئێرانی بە نوێنەرانی هەر سێ پارتە کوردستانییەکەی بەشداربووی کۆبوونەوەکەیان وتبوو: " لەم شەڕەدا بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو بڕیارێکیان سەر بە ئێرانە"، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی تەنها یەک ساڵ بوو دروست ببوو، هێزی شەڕکەر و شارەزایان نەبوو، فەرماندەی سەربازی لێهاتووشیان کەم بوو هەتاکوو بەرەیەکی شەڕ هەڵبژێرن، هەربۆیە ئێرانییەکان وتیان تەنها بۆ کاری پشتیوانی و لۆجستی لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا سودیان لێوەردەگرن.[١٠]

ئەگەرچی زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بزووتنەوەی ئیسلامی بەشێوەی لۆجستی بەشداری هێرشەکەی کردووە، بەوپێیەی کە ئەوان هێزێکی تازە دامەزراو و کەم ئەزموون بوون و شارەزایی شەڕی لەو شێوەیان نەبووە، بەڵام فاروق عەلی کە ئەوکات لێپرسراوی تیپێکی هێزی بزووتنەوە بووە لە گوندی چناری باشووری هەڵەبجە، ئەو زانیارییانە بە ناڕاست لەقەڵەم دەدات،

---

٨. پردی زەڵم: دەکەوێتە سێ ڕیانی ڕێگای خورماڵ هەڵەبجە سەیدسادق ٧٥کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و ٥کم لە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماڵەوە دورە و شوێنێکی ستراتیجیە و ئاوی زەڵم بەناویدا دەڕوات بەدار و درەخت داپۆشراوە و لەڕووی گەشتیارییەوە دیمەنێکی جوانیشی بە ناوچەکە بەخشیوە، سەرەڕای گرنگی و هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی پردەکە، لە چەند ڕوویکەوە سودی لێوەردەگیرێت وەک هاتووچۆ هاوڵاتیان و گواستنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی، لە ئێستادا بووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ لە ناوچەکەدا. بڕوانە: تالب دەرباز، هەوارگەی شارەزوور، بەرگی دووەم، ل٢٩٧.

٩. نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناوبازنەدا، چاپی دووەم، ١٩٩٩، ل١٤٥.

١٠. شەوکەت حاجی مشیر: س.پ، ل٩٦-٩٧.

ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان دوو جار لەلایەن ئێرانییەکانەوە مەشقی سەربازییان پێکراوە، ئامانجیش لێی ئامادەکردنی هێزەکەی بزووتنەوە بووە بۆ ئەو هێرشە.[١١]

هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بەشێک بوون لە پلانی هێرشی سەر هەڵەبجە، لە سەرەتای مانگی ئازارەوە هەتا چەند رۆژێک بەر لە هێرشەکە، مەشق و راهێنانی سەربازییان لەلایەن ئێرانییەکانەوە بۆ ئەم شەڕە پێی کرابوو، پاشان گواستنەوەی چەک و تفاق لە خاکی ئێرانەوە بۆ بارەگاکانی کە لەنێو خاکی عێراقدا بوون ئاماژەیەکی روونی بەشداری بزووتنەوەی ئیسلامی بووە لە هێرشەکەدا، لەبەرئەوە ئەرکی بزووتنەوەی ئیسلامی تەنها کاری لۆجستی نەبووە وەک ئەوەی شەوکەتی حاجی مشیر ئاماژەی بۆ کردووە، چونکە جگە لە هێزەکانی سنوورەکە، هەموو ئەو پێشمەرگانەی کە لە ناوچەکانی هەورامان بەتایبەتی لە دزلی بوون، بەتایبەتی پێشمەرگەکانی هێزی سەلاحەدین وەک ئامادەکارییەک بۆ رۆژانی هێرش برابوون بۆ گوندی چنار، هەر لە چوارچێوەی ئامادەکارییەکاندا دوو مەفرەزەیان بۆ پاککردنەوەی مینی بەردەم سەربازگەکانی رژێم هاوکاری ئێرانییەکان بوون.[١٢]

دەربارەی ئەو بەرەیەی کە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی دیاری کرابوو، محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: "هێزەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی وا بڕیار بوو کە لە گوندەکانی چنار و مۆردین و باوەکۆچەکەوە بە ئاراستەی گوندەکانی گونە و سەراو و پریسی ژووری ناوچەی نەورۆڵی بڕۆن و لەویشەوە بە ئاراستەی ناو شاری هەڵەبجە پێشڕەوی بکەن.[١٣]

دوای جێگیربوونی هێزەکانی بزووتنەوە لە دەوروبەری هەڵەبجە، بەتایبەتی لە گوندەکانی چنار و مۆردین، کە دەکەونە باشووری شاری هەڵەبجە و لە پشتی شاخی بالامبۆ هەڵکەوتوون و دەڕوانن بەسەر رووباری سیرواندا، لەو سنوورەدا رووباری سیروان خاکی عێراق لە خاکی ئێران جیادەکاتەوە، مەلا عەلی عەبدولعەزیز کە ئەوکاتە جێگری رابەری گشتی بزوتنەوە بوو سەردانی ئەو هێزە ئامادەکراوەی بزووتنەوەی کردووە و ماوەیەك لەلایان ماوەتەوە، هەر لەو چەند رۆژەی بەر لە هێرشەکە مەلا عەلی بیارە[١٤] لێپرسراوی نەسر(نصر)ی بزووتنەوە، چەند جارێك

١١. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ، ل٢٤٩.

١٢. عادل سدیق عەلی: کیمیابارانی هەڵەبجە لە بیرەوەری فاروق عەلی دا، ژمارە (٣٥)گۆڤاری خاڵ، سلێمانی، شوباتی٢٠٢٢، ل١٤٦-١٤٧.

١٣. عادل سدیق عەلی: کیمیابارانی هەڵەبجە لە بیرەوەری محەمەدی حاجی مەحمود دا، ، ژمارە (٣٠)گۆڤاری خاڵ، سلێمانی، تشرینی دووەمی٢٠٢٢، ل١٨٥.

١٤. مەلاعەلی بیارە: عەلی حسێن میرزا، ساڵی ١٩٤١ لە گوندی بناوەسووتەی پێنجوێن لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە دەخرێتە بەر خوێندن و دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی، دەبێتە وتاربێژ و مامۆستا لە خانەقای

سەردانی هێزەکەی لە گوندی چنار کردووە، سەردانەکانیشیان لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکانی بزووتنەوە بوو بۆ هێرشی سەر هەڵەبجە، لە دوا سەردانیدا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٩ لەسەر کانییەکەی گوندی سیمانی ئێران خۆیی و چوار هاوڕێی دەکەونە بەر تۆپبارانی تۆپخانەی دەڵەمەڕ و بەوهۆیەوە مەلا عەلی بیارە و دوو پێشمەرگەی هاوڕێی دەبنە قوربانی.

ڕووداوەکە لەکاتی ئامادەکارییەکان و چەند ڕۆژێك بەر لە دەستپێکردنی هێرشی سەر هەڵەبجەدا بوو، هەربۆیە کاریگەری و نیگەرانی قوڵی لای سەرکردایەتی بزووتنەوە و هێزە ئامادەکراوەکەی بزووتنەوە دروستکرد.(١٥)

سەرباری ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوە بەشداری زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تایبەت بە هێرشی سەر هەڵەبجەی کردبوو، هەر لەو چوارچێوەدا هێزێکی تایبەتیشیان وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا بەتەواوی پێداویستییەکانەوە ساز و ئامادەکردبوو، بەڵام لە دوا ڕۆژەکانی ئامادەکارییەکەدا بزووتنەوەی ئیسلامی بڕیاریدا کە بەشداری هێرشی سەر هەڵەبجە نەکات و لێی پاشگەز بوویەوە.(١٦)

هۆکاری پاشگەزبوونەوەکەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە نوێنەری وەزیری ناوخۆی ئێران (عەلی ئەکبەر موحتەشەمی) بەمەبەستی دیدار لەگەڵ مەلا عوسمان عەبدولعەزیز سەردانی شاری سنەی کردبوو، لەو چاوپێکەوتنەدا باسی گرتنی هەڵەبجە و لێکەوتەکانی کردبوو، نوێنەری موحتەشەمی لە یەکێک لە قسەکانیدا ئەوەی گووتبوو، کە ئەگەر خەڵکی هەڵەبجە ئاوارە ببن ڕەنگە پێداویستی و جێگای پێویستیان بۆ لەخۆگرتنی ئەو ڕێژە زۆرەی ئاوارە نەبێت، ئەوەش ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ ڕوودانی ڕووداوێکی گەورە، لە بەرانبەردا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بیری نوێنەرەکەی ئێرانی هێنابوویەوە کە ڕەنگە گرتنی هەڵەبجە ئاسان بێت، بەڵام ئەو هێرشە لە بەرژەوەندی کەس نییە و گوشاریش ناخاتە سەر حکومەتی عێراقی، بەپێی ئەزموونی ئەوانیش لەگەڵ ڕژێمی بەعس، ئەو بابەتە بە ئاسانی بۆ حکومەتی عێراقی قووت نادرێت و ئەگەری هەیە

---

بیارە، پاشان لە بەغداد تاقیکردنەوە دەکات و لەوێش ئیجازەی زانستی وەردەگرێت، چەند ساڵێک وتاربێژی مزگەوتی سەیدسادق بووە، لەگەڵ ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی لە ١٩٨٤ دەچێتە شاخ و پۆستی جێگری ڕابەری گشتی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری ئەو حیزبە وەردەگرێت، بەهەمان شێوە لە بزووتنەوەی ئیسلامی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٩ لە ئەنجامی تۆپبارانی عێراق لەسەر کانییەکەی گوندی سیمان دەکوژرێت. ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان١٩٤٦-١٩٩١، ل٨٥.

١٥. عادل سدیق عەلی: کیمیاییبارانی هەڵەبجە لە بیرەوەری فاروق عەلی دا، س پ، ل١٤٨-١٤٩.

١٦. فاروق محەمەد محەمەدئەمین: س پ، ل٢٩٨.

بە توندترین و کاریگەرترین شێوە کاردانەوەی هەبێت. لەمبارەیەوە عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا عوسمان دەڵێت: "لە دوای ئەو کۆبوونەوە و سووربوونی ئێرانییەکان لەسەر هێرشەکە، ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی بڕیاری بەشداری نەکردنی بزووتنەوەی لە هێرشەکەدا، پاش ئەوەی ئێرانییەکان زانیان کە بزووتنەوە بەشدار ناکات، بەمەبەستی قایلکردنی چەند جارێک سەردانی باوکمیان کرد، بەڵام سوودی نەبوو، ئەوە لەکاتێکدا پێشمەرگەکانی بزووتنەوە بەشداری هەموو مەشق و ڕاهێنانەکانیشیان کردبوو، لە بەرەکەی خۆشیانەوە بەتەواوی ئامادەی هێرش بوون".(١٧)

کۆتا کۆبوونەوەی نێوان بزووتنەوە و ئێرانییەکان لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/٥ بوو لە بارەگای قەرارگای ڕەمەزان لە کرماشان، ئامانج لە کۆبوونەوەکە ئەوەبوو کە بزووتنەوەی ئیسلامی قایل بێت بە بەشداریکردن لە هێرشەکەدا، نوێنەرانی بزووتنەوە بریتی بوون لە (مەلا عەلی عەبدولعەزیز، مەلا عەلی بیارە، عەبدولڕەحمانی نەورەسی)، نوێنەرانی ئێرانییەکانیش بریتی بوون لە (موحسینی ڕەزایی، دەهقانی) و چەند بەرپرسێکی پلە باڵای دیکەی سوپای پاسداران، دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ نوێنەرانی بزووتنەوە سووربوون لەسەر بڕیاری بەشداری نەکردن، یەکێک لە پلەدارەکانی سوپای پاسداران لەناو کۆبونەوەکەدا دەڵێت : "هێرشی سەر هەڵەبجە بڕیاری ئیمامە و نابێت بشکێنرێت، لە بەرانبەردا مەلا عەلی بیارەش دەڵێت: "ئێمەش ڕابەرەکەمان ئەمری پێ کردووین، کە بەشداری نەکەین".(١٨)

ئێرانییەکان لەو هەڵوێستەی بزووتنەوەی ئیسلامی زۆر تووڕە و نیگەران بوون، لەڕاستیشدا ئاگادارکردنەوەی شەوکەتی حاجی مشیر لەلایەن ئێرانییەکانەوە سەبارەت بە شێوازی بەشدارییکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە هێرشەکەدا بەشێوەی لۆجستی' تۆڵەیەکی سیاسی بووە و ئێرانییەکان ویستوویانە لەو ڕێگەیەوە لە ڕۆڵ و پێگەی بزووتنەوە لەناو حیزبە کوردییەکان کەمبکەنەوە.(١٩)

لەوەش زیاتر، چەند ڕۆژێک بەر لە هێرشەکە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز نامەیەکی ئاڕاستەی ئیمام خومەینی کرد و تیایدا لە دەرهاوێشتەکانی هێرشی سەر هەڵەبجە ئاگاداریکردەوە، هەروەک هێرشەکەشی بە کارێکی خراپ لە قەڵەمدا، لە کۆتایی نامەکەشیدا خومەینی لە ناشەرعی بوونی ئەو هێرشە لەڕووی ئاینییەوە دڵنیاکردەوە، بەوپێیەی کە زەرەرمەندی یەکەم لە

---

[١٧] .چاوپێکەوتنی عادل سدیق عەلی لەگەڵ عەبدولڕەحمان مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیزهەولێر، ٢٠٢٤/٥/٩، (بڵاونەکراوە).

[١٨] .چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەورەسی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/١٥.

[١٩] . چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فاروق عەلی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٥/١٤.

هێرشەکەدا هاوڵاتیانی سڤیلی شارەکە دەبن. هۆکاری ئەو هەڵوێستەی بزووتنەوە وەک مەلا عەلی عەبدولعەزیز ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ سیاسەتەکانی ساڵانی پێشووتری ڕژێمی بەعس لە بەرانبەر خەڵکی شارەکە و سنورەکە دەگەڕایەوە، بەتایبەتی دوای ڕووداوەکانی ١٣ی مایسی ساڵی ڕابردوو.[٢٠]

دوای نائومێدبوون لە هەڵوێستی لایەنەکانی تر، ئیدی بزووتنەوە تاکلایەنە کەوتەخۆی بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی هێزەکانی لە هێرشەکەدا، لەوچوارچێوەیەدا لە ڕۆژانی ١١و ٣/١٢دا دوو جار پەیام لە ڕابەری گشتی بزووتنەوەوە ئاراستەی مەلا عەلی عەبدولعەزیز و هێزەکانی بزووتنەوە کرا.[٢١]

بۆ هەمان مەبەست مەلا عوسمان عەبدولعەزیز لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٥/١٣ نامەیەک لە ڕێگەی شێخ عەبدولەتیف واژەییەوە بۆ مەلا عەلی عەبدولعەزیزی برای لە شاری پاوە دەنێرێت، لەو نامەدا جارێکی تر جەخت لە بەشداری نەکردنی بزووتنەوە لە هێرشی سەر هەڵەبجە دەکاتەوە[٢٢]، لە بەشێکی نامەکەدا هاتووە: "هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک نابێت بەشداری پەلاماردانی هەڵەبجە بکەن، من بەرپرسیارێتی ئەم بەشداری نەکردنە لای ئێرانییەکان ئەگرمە ئەستۆ، گرتنی هەڵەبجە ئاسانە، بەڵام ڕژێمی بەعس زۆر ڕقی لە هەڵەبجەیە و بە هەموو چەکێک لێی ئەدا و کاولی دەکات، هەڵەبجە و دەوروبەری ناوەندی هێزی ئێمەیە، بزووتنەوە هەردەم لە هەوڵدایە لەگەڵ ئێرانییەکان کە هەڵەبجە بپارێزین".[٢٣]

مەترسی هێرشی سەر هەڵەبجە و کاردانەوەی ڕژێمی بەعس وایکرد، مەلا عوسمان چەند جارێکی دیکە پەیام بۆ هێزەکانی بزووتنەوە بنێرێت و تیایاندا جەخت بکاتەوە لەسەر بەشداری نەکردنی بزووتنەوە لە هێرشەکەدا، جارێکیان لە ڕێگەی شێخ نەجمەدینی هانە سوور [٢٤] بۆ مەلا عەلی برای کە لەوکاتەدا لە شاری پاوە بووە، جارێکی تریش عەبدولڕەحمانی کوڕی ڕاسپاردبوو کە پەیامێکی زارەکی بگەیەنێتە مامی، جاری سێیەمیان لە ڕێگەی عیززەت شەفیقی

---

[٢٠]. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ، ل٢٥٨.

[٢١]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٩.

[٢٢]. بڕوانە بەڵگەنامەی (١).

[٢٣]. فاتیح کریکار: فاجعة حلبجة، ١٩٨٩، ص٤٣.

[٢٤]. شێخ نەجمەدینی هانە سوورە: نەجمەدین محەممەد عەلی، ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی هانەسوورەی ناوچەی نەوڕۆڵی لە نزیک هەڵەبجە لەدایکبووە، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری بووە، جێگەی متمانەی ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی بووە و چەندین ئەرک و کاری پێ سپاردووە، تا ئێستاش لە ژیاندا ماوە و دانیشتووی هەڵەبجەیە. چاوپێکەوتنی د. عادل سدیق عەلی لەگەڵ زاهید نەجمەدین، هەڵەبجە،٢٠٢٥/٩/٥.

کۆکۆییەوە، لە هەر سێ جارەکەدا سووربوونی خۆی لەسەر بەشداری نەکردن دووپاتکردبوویەوە.[٢٥]

**تەوەرەی دووەم: هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرانبەر کیمیابارانی هەڵەبجە:**

هێرشی هاوبەشی ئێران-پێشمەرگە بەبێ بەشداری بزووتنەوەی ئیسلامی، لە نێوانبێ ئاگایی زۆربەی خەڵک و ئاگاداری بەشێکی کەمی دانیشتووانی ناوچەکەدا بۆ سەر هەڵەبجە و شارەزوور و هەورامان دەستیپێکرد، ئێران ئەم هێرشەی ناونابوو(والفجر ١٠)، هێرشەکەش لە کاتژمێر(١:٣٠) یەک و سی خولەکی شەوی ١٢-١٩٨٨/٣/١٣و بەوشەی نهێنی (یارسول الله)، ئێرانییەکان وەک ئاماژەیەک بۆ دەستپێکردنی شەڕی خۆیان دایان نابوو لە هەموو بەرەکانەوە و بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران بە ئاراستەی سنووری هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور دەستیپێکرد.[٢٦]

جێگەی خۆیەتی کە بڵێین، لە سەرەتای پرۆسکەوە هەتا کۆنترۆڵکردنی شارەکە و سنوورەکەی لەلایەن سوپای پاسداران و هێزی پێشمەرگەوە تەنها سێ پێشمەرگەی یەکێتی، دوو پێشمەرگەی پارتی، یەك پێشمەرگەی حسک کوژراون، ئەوە لەکاتێکدا دەیان هاوڵاتی سڤیلی شارەکە کوژران و بریندار بوون، زۆرینەی ئەو هاوڵاتییانەش بەهۆی تۆپبارانەکانی سوپای پاسدارانەوە بوونە قوربانی، بەتایبەتی ئەوانەیان کە هەوڵی هەڵاتنیان لە شارەکە بە ئاراستەی شاری سلێمانی دابوو.[٢٧]

سەبارەت کەوتن و گرتنی هەڵەبجە بەو خێراییە، نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "لەڕاستیدا شکانی هێزەکانی عێراق و گرتنی شاری هەڵەبجە بەو خێراییە چاوەڕوانەکراو بوو، بەڵکوو ئامانج لە شەڕەکەدا وەک چاوەڕوان دەکرا ئەوەبوو ناوچەکە ببێتە گۆڕەپانی شەڕێکی فراوان لە نێوان هێزەکانی کورد و عێراق و ئێران و عێراق، تاوەکوو حکومەتی عێراق ناچار بکرێت هێزەکانی خۆی لە شەڕی سەرکردایەتی یەکێتی و ئەنفالی یەک سوک بکات، بەڵام ئەم ئامانجەی یەکێتی بەنیازی بوو لە گرتنی هەڵەبجەدا نەهاتەدی".[٢٨]

لە دوای تێکشکانی هێزەکان حکومەتی عێراق لە بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری شاری هەڵەبجە، هێزی ٩ی بەدری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە شاخەکانی باڵامبۆ و شنرۆێ و گوندی دەڵەمەڕ مانەوە، بەڵام ژمارەیەکی ئێجگار زۆری سوپای پاسداران و یەکێتی نیشتمانی

[٢٥].چاوپێکەوتنی عادل سدیق علی لەگەڵ عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هەولێر، ٢٠٢٤/٥/٩،(بڵاونەکراوە).

[٢٦]. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ،ل٢٦٨.

[٢٧]. شەوکەت حاجی مشیر: س.پ، ل١٢٩ .

[٢٨]. نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، ل١٤٥_١٤٦.

كوردستان چوونە ناو شارەکەوە و بە بازاڕ و کوچە و کۆڵانەکانی شاردا دەگەڕان، بەوشێوەیە لە کاژێر ٣٠:٤ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ هەڵەبجە بەتەواوی کۆنترۆڵکرا.[٢٩]

پاش گیرانی شاری هەڵەبجە و چوونە ناوەوەی پێشمەرگە و بەشێك لە سوپای پاسداران بۆ ناو شار، ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هێزەکەی گوندی چناری بزووتنەوەی ئیسلامی کە ژمارەیان نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە دەبوو لە گوندەکانی چنار و مۆردینەوە بە ئاراستەی هەڵەبجە دەستیان بە جوڵە کرد، لە سەرەتادا لەلایەن هێزی بەدر و ئێرانییەکانەوە ڕێگریان لێکرا، بەبیانووی ئەوەی کە ئەوان بەشداری هێرشەکە نەبوون، دواتر بە هەوڵی مەلا عەلی عەبدولعەزیز ئێرانییەکان و بەمەبەستی هاوکاریکردن و بەهاناوەچوونی دانیشتوانی شارەکە بواریان دراکە بچنە ناو هەڵەبجە، کاتێك هێزەکەی بزووتنەوە گەیشتنە ناوشار (١٠ی سەرلەبەیانی ١٦ی ئازار) هەموو شت کۆتایی هاتبوو، هێزەکە لە چەند قۆڵێکەوە بە دروشمی (الله اکبر) چوونە ناو هەڵەبجە و دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی ناو شاردا، هەندێکیان بەرەو مزگەوتی پاشا و هەندێکیان بەرەو مزگەوتی خالید و گەڕەکی گوڵانی خواروو و بەشێکیشیان بە ئاراستەی گەڕەکی پیر محەمەد ڕۆیشتبوون، وا بڕیار بوو لە کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ هەموویان بگەڕێنەوە بۆ مزگەوتی خالید و لەوێ جارێکی تر خۆیان ڕێکبخەنەوە و پلانی ئاییندە دابنێن.[٣٠]

ئەو ڕۆژە بارودۆخی شارەکە بەتەواوی شێوا بوو، پاشاگەردانی بوو، هەموو هێزەکان خۆیان بە خاوەنی شارەکە دەزانی و هیچ جۆرە هەماهەنگییەکیش لە نێوانیاندا نەبوو. لەبەرئەوەی زۆربەی سەرکردە و پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی خەڵکی ئەو شارە بوون نەدەکرا خۆیان دوورەپەرێز بگرن، بەوتەی خۆیان چوونە ناوەوەی هەڵەبجەیان بۆ ئەوە بووە کەمێك لە ترس و دڵەڕاوکێی دانیشتوانی شارەکە کەمبکەنەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە مزگەوتی پاشای شارەکە وتارێکی پێشکەش کرد، تیایدا وتبووی: "ئێمە وەک بزووتنەوەی ئیسلامی لەپێناو نەهێشتنی زوڵم و ستەم ئەم شۆڕشەمان بەرپاکردووە، پاشان ئێمە پێمان خۆش نەبووە هەڵەبجە لە بارودۆخێکدا لە ڕژێمی بەعس ڕزگاری ببێت نەزانین چارەنووس و داهاتووی شارەکە و خەڵکەکە بەرەو کوێ دەڕوات".[٣١]

---

٢٩. یوست هێڵتەرمان: کارێکی ژەهراوی ئەمریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، وەرگێرانی. محەمەد حەمەصاڵح توفیق، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆمپانیایی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٥٦-١٥٧.

٣٠. ئارام شەمێرانی: ئینسکلۆپیدیایی هەڵەبجە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣، ل٨٢-٨٤.

٣١. هاودەنگ محەمەد فەرەج: ڕۆمەڵخەزای هەڵەبجە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣١-٣٢.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاش ئەو ڕووداوانە، بارودۆخی شارەکە بەرەو ئارامییەکی ترسناك ڕۆیشت، بۆ دیاریکردنی پلانی داهاتوویان کاژێر ١١:١٥ خولەکی سەرلەبەیانی ڕێکەوتی ١٦ی ئازار لە بینای قایقامییەتی هەڵەبجە کۆبوونەوەیەك لە نێوان نوێنەرانی لایەنە کوردییەکان و ئێرانییەکان ڕێکخرا، لەو کۆبوونەوەیەدا مەلا عەلی عەبدولعەزیز و عەبدولڕەحمانی کوڕی ڕابەری گشتی بزووتنەوە وەك نوێنەری بزووتنەوە و عەلی ڕەزا و دەهقانی وەك نوێنەری ئێرانییەکان و شەوکەتی حاجی موشیر و قادر کۆکۆیی وەك نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداربوون. سەبارەت بە تێڕوانینی بزووتنەوە لەو کۆبوونەوەیەدا عەبدولڕەحمانی مەلا عوسمان دەڵێت: "لە کۆبوونەوەکەدا مەلا عەلی عەبدولعەزیزی مامی زۆر پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە داوا لە خەڵکی سڤیل بکرێت شارەکە چۆڵ بکەن، چونکە ڕژێمی بەعس هەروا بە ئاسانی ئەو بابەتەی بۆ قووت نادرێت و هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات"، بەڵام نوێنەرانی سوپای پاسداران و یەکێتی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی مەلا عەلی عەبدولعەزیز نەبوون، بەڵکوو لەگەڵ مانەوەی دانیشتووان لەناو هەڵەبجە و دروستکردنی ئیدارەیەکی مەدەنیدا بوون، یەکێك لە ئەندامانی ناو کۆبوونەوەکە ئەمەی بە ئاشکرا وتبوو.[٣٢]

هەر لەمبارەیەوە یەکێك لە پێشمەرگەکانی بزووتنەوە باس لەوە دەکات کە دوای دوو سەعات لە چوونیان بۆ ناو شار، لە بەردەم سەرای کۆنی هەڵەبجەدا خەڵکانێکی زۆر کۆبوونەتەوە، تەنانەت ژمارەیەک فەرماندەی سەربازی لایەنە کوردییەکانیش ئامادەی ئەو کۆبوونەوە بوون، مەلا عەلی عەبدولعەزیز داوای لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە بەتایبەتی فەرماندە سەربازییەکان کردووە نەك هەر ڕێگری لەو خەڵکانە نەکەن کە دەیانەوێت شارەکە بەجێبهێڵن، بەڵکوو هانیان بدەن بە زووترین کات هەڵەبجە چۆڵ بکەن. هۆشدارییەکەی مەلا عەلی لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ڕژێم سڵ لە بەکارهێنانی هیچ جۆرە چەکێك ناکاتەوە، بە بەکارهێنانی چەکە کیمیاییشەوە، بەتایبەتی هەڵەبجە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ڕژێمی بەعس هەبوو.[٣٣]

لەوەش خراپتر هیچ جۆرە ئامادەکارییەکی سەربازی نەکرابوو لە حاڵێکدا ئەگەر حکومەتی عێراقی کاردانەوەی هەبوو، وەك هێنانی چەکی پێشکەوتوو لەنێویاندا دژە فڕۆکە، هەربۆیە مەلا عەلی عەبدولعەزیز پێیوابوو هێشتا کات درەنگ نییە بۆئەوەی شارەکەیان چۆڵ بکەن و ڕوو لە سنوورەکانی ئێران بکەن، یان لانیکەم ڕوو لە دەرەوەی شارەکە بکەن بەمەبەستی خۆپاراستن لە

---

٣٢. چاوپێکەوتنی عادل سدیق عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز هەولێر، ٢٠٢٥/٥/٩، (بڵاونەکراوە)،

٣٣.هاودەنگ محەمەد فەرەج: ڕۆمەڵخەزای هەڵەبجە،بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی،٢٠١٣، ل٣٦١.

کاردانەوە حکومەتی عێراقی. هەر لەو گردبوونەوەدا مەلا عەلی عەبدولعەزیز ڕایگەیاند کە بەعسییەکان هیچ پێوەرێکی ئایینی، ویژدانی و مرۆڤایەتی ناخوێننەوە و ئەزموونی ساڵانی ڕابردوویان لەو ڕووەوە باشترین گەواهییە. دوای وتەکانی مەلا عەلی، یەکێك لە فەرماندە سەربازییەکانی لایەنێکی دیکە ڕوو لە مەلا عەلی و ئامادەبوون دەکات، پێیان ڕادەگەیەنێت کە شارەکە ئازادکراوە و ئێرانییەکان و هێزی بەدری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیش چەکی هەوایی و دژە فڕۆکەیان هێناوە و حکومەتی عێراقیش ئەو توانایەی ساڵانی ڕابردووی نییە، کە زیان بە شارەکە و خەڵکی سنوورەکە بگەیەنێت.[٣٤]

دواجار لە کاتژمێر ١١:٤٥ خولەکی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦، بە وتەی وەفیق سامەڕائی ٥٠ فڕۆکەی جەنگی عێراقی کە هەریەکەیان ٤ بۆمبی کیمیایی ٥٠٠ کیلۆگرامی هەڵگرتبوو هەڵەبجەیان بۆردوومان کرد، تاوانێك کە بووە هۆی کوژرانی نزیکەی ٥ هەزار کەس و برینداربوونی زیاتر لە ١٠ هەزار کەس و ئاوارەبوونی نزیکەی (٧٠)هەزار هاوڵاتی شارەکە و سنوورەکە، ئەوە جگە لە وێرانبوون و خاپووربوونی هەڵەبجە.[٣٥]

سەرەتای هێرشەکەش بە بۆردومانەکەش بە بەکارهێنانی ناپاڵم و بۆمبی فسفۆڕیی و تۆپبارانی خەستی شارەکە دەستپێیکرد، لەوکاتەشدا پێشمەرگەکانی بزووتنەوە لە ترسی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی داوایان لە خەڵکی شارەکە کرد بەخێرایی ماڵەکانیان چۆڵ بکەن و لە شارەکە بچنە دەرەوە. ئەوە لەکاتێکدا خەڵکانێکی سەر بە لایەنەکانی دیکە هەبوون بەر لە دەستپێکردنی بۆردومان لە ڕێگاکانی چوونە دەرەوەی هەڵەبجە بەخۆشی، یان بە زۆر خەڵکانێکی زۆریان ناچارکرد، کە بگەڕێنەوە ناو هەڵەبجە و شارەکەیان چۆڵ نەکەن، ئەمانەی دواتر پێیانوابوو کە هەڵەبجە ڕزگارکراوە و لە ڕۆژانی داهاتوودا شارەکە و سنوورەکە دەبێتە ناوچەیەکی ئارام، تەنانەت زۆرێك لە ئاوارەکانی دیکەی ناوچەکانی کوردستان وەك پەناگایەك و لەبری ژیانی ئاوارەیی ئێران ڕەنگە ڕوو لەم ناوچەیە بکەن، ئەوە جگەلەوەی نیازی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی خۆماڵییان لە ناوچە ڕزگارکراوەکە هەبوو.

جێی خۆیەتی بڵێین، بەشێکی زۆر لەو خەڵکانەی کە دواتر لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی عێراق لە هەڵەبجە بوونە قوربانە ئەو خەڵکانەبوون کە ناچار بە گەڕانەوە بۆ ناو شار کرابوون، ئەوەش ڕێژەی قوربانییەکانی زۆرتر کرد، بەنموونە یەکێک لەو کەسانەی

---

٣٤. هاودەنگ محەمەد فەرەج: س پ، بەرگی دووەم، ل٣٥٩.

٣٥. وفيق السامرائي: حطام البوابة الشرقية، الطبعة الاولى، دارالقبس، ١٩٩٧، ص١٠٤.

که چوو بووه دەرەوەی هەڵەبجە و دواتر ناچار بە گەڕانەوە بۆ ناو شار کرابوو، تۆفیقی کارەبا بوو، بەوهۆیەوە گیانی لەدەستدا.[٣٦]

دوای ڕووداوەکە، مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە گوندی خەرپانی چەند کیلۆمەتری باکووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە ڕەخنەی تووندی لە موحسینی ڕەزایی گرتبوو، بەشێوەیەك ئێرانییەکانی بە هۆکاری ڕوودانی ئەو تاوانە گەورەیەی کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە خەڵکی هەڵەبجە ئەنجامیدا لەقەڵەم دابوو.[٣٧]

لەڕاستیدا ئەنجامدانی چالاکی و شەڕی هاوبەش لە ساڵانی جەنگی ئێران و عێراقدا لە نێوان حیزبە کوردییەکان و ئێراندا بوونە پاساو و هۆکارێکی بەهێز بۆ کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و بەشێکی زۆر لەو تراژیدیایانەی کە ڕژێمی بەعس لەو قۆناغەدا ڕووبەڕووی گەلی کوردی کردەوە، ئەوە لەکاتێکدا بزووتنەوەی ئیسلامی، هیچ چالاکی و شەڕێکی هاوبەشی لەگەڵ ئێرانییەکان نەکردبوو، بەڵکوو بزووتنەوە سەربەخۆ چالاکی سەربازی دژی بەعس ئەنجام دەدا و هێرشی سەر هەڵەبجەشی پێ ناشەرعی بووە، هەربۆیە لە پرۆسەکەش کشایەوە، لەسەر ئەو هەڵوێستانەشی ئێرانییەکان گرفتی زۆریان بۆ دروست دەکرن، بەنموونە وەك لایەنەکانی دیکە هاوکاری ماددیی و مەعنەوی بزووتنەوەیان نەدەکرد، خواردن و پێویستی کەمیان پێ دەدان.[٣٨]

هەر سەبارەت بەم بابەتە، عەلی باپیر لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە بزووتنەوە هیچ کاتێک پاسداری نەهێناوەتە سەر خاکی کوردستان و چالاکی هاوبەشیان دژی ڕژێمی بەعس پێکەوە نەکردووە، تەنانەت دەڵێت: "لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٧ لەوکاتەی کە هێندە نەبوو بزووتنەوە دروست ببوو، ئاغای زولقەدر کە فەرماندەیەکی قەرارگای ڕەمەزان بوو داوای لێکردین کە پاسدار لەگەڵ خۆمان بۆ خاکی عێراق ببەین، دوای گفتوگۆیەکی توند ئێمە ئامادە نەبووین کە پاسدار لەگەڵ خۆمان ببەین"، لە بەرانبەر ئەمەدا ئەو فەرماندەیە هەڕەشەی بڕینی یارمەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ بزووتنەوە لێ کردبوون.[٣٩]

جارێکی دیکەش لەوکاتەی کە ژمارەیەک پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەیانەوێت لە چیایی سورێن بەرەو ناوچەکانی قەرەداغ (١٩٨٧/١١/٦) بڕۆن، ئێرانییەکان داوایان لێ دەکەن کە چەند پاسدارێک لەگەڵ خۆیان ببەن، بەڵام پێشمەرگەکانی بزووتنەوە داواکارییەکەیان

---

[٣٦]. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ، ل٣٠٣.

[٣٧].چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فاروق عەلی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٥/١٤.

[٣٨]. ئیدریس سیوەیلی: لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠١.

[٣٩]. عەلی باپیر: چەند مەڵۆیەک لە خەرمانی تەمەنم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ،٢٠١٥، ل٢٤٢-٢٤٣.

ڕەتدەکەنەوە. لەسەر ئەو بابەتانە زۆرجار ساردی لە نێوان بزووتنەوە و ئێرانییەکاندا دروست دەبوو.[٤٠]

هەر لەبارەی هێرشی سەر هەڵەبجە و کاردانەوەی ڕژێمی بەعس جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "بڕیاری گرتنی هەڵەبجە بەبێ لێکدانەوەی هەلومەرجی جەنگەکە و سروشتی فاشییانەی سەدام لە دوو ساڵی کۆتایی جەنگەکەدا، پاساوی دایە دەست بەعس کە ڕەوشتی فاشییانەی خۆی دەربخات، ئەم سروشتە لە شاری هەڵەبجەدا دەرکەوت و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە."[٤١]

## تەوەری سێیەم/ ڕۆڵی بزووتنەوەی ئیسلامی لە گەیاندن و ناساندنی تاوانی هەڵەبجە بە دونیای دەرەوە:

ئێرانییەکان تاوانی هەڵەبجەیان بە دەرفەت زانی بۆئەوەی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا دژی حکومەتی عێراق بەکاری بهێنن، هەربۆیە دەستبەجێ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە و ئاژانسە هەواڵییەکانی تری ئەو وڵاتە هەواڵی ڕوودانی تاوانەکەیان بە هەموو جیهاندا ڕاگەیاند و دەستیان بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی کرد، لە ڕێگەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانیانەوە ئەو ژمارە مەزەندەکراوەی کە لایەنە کوردستانییەکان دابوویان بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە بریتی بوو لە (٥٠٠٠) کوژراو و (١٠٠٠٠) بریندار بەخێرایی بە هەموو جیهاندا بڵاوکردەوە.[٤٢]

سەرکردایەتی کورد هەوڵێکی زۆریدا بۆ گەیاندنی تاوانەکە بە دونیای دەرەوە، دەرگایەک نەبوو کە لێی نەدات، ئەگەرچی هەتا ئەوکاتە ئەزموونێکی ئەوتۆیان لە خەباتی دیپلۆماسیدا نەبوو، ئەوەش وایکرد وەکوو پێویست نەتوانن سەرنجی جیهان بۆ لای تاوانەکە ڕابکێشن، سەرباری ئەوەش ڕووداوەکە کاریگەری گەورەی لەسەر ملیۆنەها کەس لە جیهاندا دانابوو، هەرچەندە لە بەشێکی زۆری دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی دەنگدانەوەی هەبوو، بەڵام لەلایەن دامودەزگا فەرمییەکانەوە وەک کێشەیەکی ناوخۆیی وڵاتێکی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان تەماشا دەکرا، کە ئەوانی تر مافی دەستوەردانیان نییە.[٤٣]

---

[٤٠].چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ نەجمەدین شێخ صدیق سەرگەتی، خورماڵ ٢٠٢٥/٥/٢.

[٤١]. نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاو خەباتییەوە بۆ تەخوین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٦٠.

[٤٢]. شەوکەت حاجی مشیر: س.پ، ل١٨٠.

[٤٣]. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ، ل٤٠١-٤٠٢.

پاشان چەندین یاداشت لەلایەن حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە بە ناوەندە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکان درا، هەوڵێکی زۆر خرایەگەڕ بۆ گەیاندنی ئەم تاوانە بە دونیای دەرەوە، ڕێکخستنەکانی لایەنە سیاسییەکان لە دەرەوەی کوردستان، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەو خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینیانە، سەرباری هەوڵە بەردەوامەکان، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە.(٤٤)

لێرەدا دەتوانین هەوڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ گەیاندن و ناساندنی تاوانی هەڵەبجە بەم شێوەیە بخەینە بەر باس:

**یەکەم/ بزووتنەوە و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان:**

لە دوای تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، یەکێک لەو هەوڵانەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی کاری بۆکرد ئەوە بوو، کە ڕابەری گشتی بزووتنەوە نامەی تایبەتی بۆ لایەنە کوردییەکانی وەک ی.ن.ک ، پ.د.ک، پ.س.ک، نارد و تیایدا داوای لێ کردن کە لیژنەیەك لە هەموو لایەنە کوردییەکان دروستبکرێت، بۆئەوەی ئەو لیژنەیە زۆر بەخێرایی لە ڕێگەی کۆمەڵێك میکانیزمی جیاوازەوە هەموو ئەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی ئەنجامیداوە بە دونیای دەرەوە، بەتایبەتی وڵاتانی زلهێز و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بگەیەنێت.(٤٥)

مەبەست لەم نامانەی[٤٦] ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ لایەنە کوردییەکان ئەوەبوو کە پێکەوە چالاکییەکانیان یەک بخەن بۆ ناساندنی تاوانی کیمیایبارانکردنی شاری هەڵەبجە بە جیهان دەرەوە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان جگەلەوەی دەستپێشخەرییەکەی بە کارێکی باش لەقەڵەمدا دابوو، ئامادەیی خۆشی هاوکاری دەربڕی بوو، ئەوەشیان گوتبوو جەلال تاڵەبانی سکرتێری ئەو حیزبە چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی تەلەڤزیۆنی و ڕۆژنامەوانی لەسەر ئەو تاوانە لە دەرەوە ئەنجام داوە. پارتی دیموکراتیش جگە لە دەربڕینی ئامادەیی بۆ کارێکی لەو شێوەیە، داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی لایەنە کوردییەکانیان لەسەر ئەو تاوانە گەورەیە کردبوو، هەروەها پ.س.ک هەوڵەکەی بە ئەرێنی زانیبوو، بەڵێنیشیاندابوو کە لەو ڕووەوە هیچ درێغی نەکەن. (٤٧)

---

[٤٤]. علی تەتەر نێروەیی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کەردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا١٩٧٥-١٩٩١، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، ٢٠١٠، ل١٤٤.

[٤٥]. بڕوانە بەڵگەنامەی (٢).

[٤٦]نەمانتوانی نامەکانی بزووتنەوە بۆ لایەنە کوردییەکان دەستبخەین، تەنها وەڵامی نامەکان دادەنێین.

[٤٧]. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/٤.

**دووەم/ هەوڵە میدیاییەکانی بزووتنەوە بۆ ناساندنی تاوانی هەڵەبجە:**

یەکەمین هەوڵی بزووتنەوەی ئیسلامی، بۆ ئەرشیفکردن و ناساندنی ئەم تاوانە، ئەوە بوو دوو ئەندامی دەزگای ڕاگەیاندنی بزووتنەوە بەناوەکانی عیزەت شەفیق کۆکۆیی و سەربەست هەولێری بە کامێرایەکەوە تەنها سێ ڕۆژ دوای تاوانەکە (١٩٨٨/٣/١٩) خۆیان گەیاندە ناو هەڵەبجە، لەبارەی ئەم هەوڵەیانەوە عیزەت شەفیق کۆکۆیی دەڵێت: "دوای پرس و ڕاوێژکردن بە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز بۆ کارێکی لەو جۆرە، ڕۆیشتم بۆ بازاڕی شاری سنە و کامێرایەکی هیمێڵتام بە پارەی خۆم کڕی، دوای گەیشتنم بە هەڵەبجە لەگەڵ سەربەست هەولێری بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ لەناو هەڵەبجەدا ماینەوە، لەو ماوەدا توانیم ١٥٨ وێنەی قوربانییانی هەڵەبجە بگرم، دواتر کە گەڕامەوە بۆ شاری سنە وێنەکانم تەسلیمی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کرد.[٤٨]

جگە لەم وێنەگرانەی بزووتنەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی ٥٠ڕۆژنامەنووسی بیانی بە دوو هەلیکۆپتەر لە کرماشانەوە گەیاندە هەڵەبجە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە وێنەی ئەم کارەساتە بگرن.[٤٩]

لە گەڕانەوەیاندا لە شاری کرماشان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان لەگەڵ ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی سازکرد، دیدارەکە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠ واتە تەنها چوار ڕۆژ دوای ڕووداوەکە ئەنجامدرا، ئەو ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێرانەی کە بەشداربوون، بریتی بوو لە:

١–جۆرج ماستەر و کیزکلسون، نوێنەری تەلەفزیۆنی هۆڵەندی.

٢–تومی ئیرلەند، نوێنەری تەلەفزیۆنی دانیمارک.

٣–ئیسنفیار یونیو و پیریسمیر ، نوێنەری تەلەفزیۆنی فەرەنسا.

٤–فرانسین سودان، ڕۆژنامەنوسی گۆڤاری ژوونئیفریک.

٥–نورین گراهام، هەواڵنێری بڵاوکراوەی سانداى تیلیگرام.

٦–روز یتشارد و لویدتری و شارمان جان، نوێنەری تەلەفزیۆنی (ITN).

٧–ڕیتشارد دیشاب، هەواڵنێری بڵاوکراوەی گاردیان.

ئەم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە بە یەکەمین هەوڵی بزووتنەوەی ئیسلامی بۆ ناساندنی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە دونیای دەرەوە دادەنرێت، مامۆستاعوسمان داوای لە پەیامنێرەکان

---

٤٨. هادەنگ محەمەد فەرەج: س.پ، بەرگی یەکەم، ل٤٠٢_٤١٥.

٤٩. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ، ل ٣٩١.

کرد ئەوەی دیویانە و وێنە و ڤیدیۆیان کردووە بیگەیەننە وڵاتانی خۆیان، کە نەتەوەیەک هەیە بە چەکی کیمیایی قڕ دەکرێت.[٥٠]

پێنج رۆژ دوای ئەو چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەی مەلا عوسمان (٢٥ی ئازاری ١٩٨٨) میرحسەین موسەوی سەرۆک وەزیرانی ئێران بە یاوەری مەلا عەلی عەبدولعەزیز و ژمارەیەک رۆژنامەنووسی ئێرانی و ئیتاڵی و فەرەنسی سەردانی هەڵەبجەیان کرد، ئامانج لە سەردانەکەش بینینی ئاستی ئەو تاوان و وێرانکارییە بوو کە بەسەر شارەکە و ناوچەکەدا هاتبوو.[٥١]

دوای ئەوەی مەکتەبی راگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی هەموو وێنە گیراوەکانی تاوانی هەڵەبجەی شۆردەوە پاشان کاری لەسەرکرد، لەو چوارچێوەدا رۆژی ١٩٨٨/١٢/١٦ بەشی راگەیاندنی هێزی شافیعی بزووتنەوە پێشانگایەکی وێنە و پۆستەریان لە شاری پیرانشار کردەوە، ئەم پێشانگایە بەناوی (پێشانگای شەهیدان)ەوە بوو، کە پێکهاتبوو لە (٦٢) تابلۆ و (٢٠) پۆستەر، وێنە و پۆستەرەکان بەشێک بوون لە تاوانەکانی رژێمی بەعس بەتایبەتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە.[٥٢]

لە دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی ئیسلامی و گەورەبوونی، هەوڵیدا چەند نووسینگەیەک لە وڵاتانی دراوسێیی ئێران بکاتەوە، یەکێک لەو نووسینگانە لە شاری پیشاوەری پاکستان بوو، بزووتنەوە توانی لە و نووسینگەدا گۆڤارێک دەربکات بەناوی نەفیر[٥٣]. کە رۆڵێکی زۆر گەورەی گێڕا لە ناساندنی تاوانی کیمیاییبارانی شاری هەڵەبجە، بەڵام زۆرێک لە وڵاتانی کەنداو لەبەرئەوەی لەوکاتەدا هاوپەیمانی رژێمی بەعس بوون رێگریان لێ دەکرد، بەشێوەیەك

---

٥٠. بەبێ ناوی نووسەر: هەواڵ و چالاکی، ژمارە(٣)گۆڤاری دەنگی باوەڕ، تەموزی١٩٨٨، ل٣٤-٣٥.

٥١. عادل سدیق عەلی: کۆمەڵکوژی کورد، س پ، ل٣٩٣.

٥٢. بەبێ ناوی نووسەر: هەواڵ و چالاکی، ژمارە(7)گۆڤاری دەنگی باوەڕ، تەموزی١٩٨٨، ل.32

٥٣. نەفیر: یەکەمین بڵاوکراوەی میدیایی مەکتەبی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، ئەم گۆڤارە لە تشرینی یەکەمی ١٩٨٨ بۆ ئازاری 1992 لە شاری پیشاوەری وڵاتی پاکستان دەرچووە، گۆڤاری نەفیر ٩ ژمارەی لێ دەرچووە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کە بەردەوام بووە لە ٣ ژمارەی یەکەمیدا بەشێوەی رۆژنامە دەرچووە و محەمەد حەسەن سەرنووسەری گۆڤارەکە بووە، بەڵام بەهۆی دۆخی ئەمنییەوە ناوی بە ئاشکرا نەنووسراوە، ئەم گۆڤارە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو و پاشکۆیەکیشی هەبووە بەناوی راپەڕین بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، ناوەڕۆکی بابەتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و فیکریی و ئەدەبی بوو. (ئارام علی سەعید: نەفیر، ل١٣-١٨)

هەندێکجار سندوقی گۆڤارەکەیان وەك خۆی بۆ پیشاوەر دەناردەوە، ئەم حاڵەتە هەتا شەڕی کەنداو بەردەوام بوو.[٥٤]

گۆڤاری نەفیر ڕۆڵ و کاریگەری گەورەی هەبوو، هەڵگری گوتارێکی بەرپرسانەی ئیسلامییانە بوو لە ئاست نەتەوەی کورد و ئەو ستەمەی بەرانبەری کراوە، هەتا ئەوکاتەی نەفیر دەرچووە بەشێک لە ڕایگشتی وڵاتانی عەرەبی و کەسایەتییە دەسترۆیشتووەکانیان وێنای کوردیان بە نەتەوەیەکی یاخی و دوور لە ئایین و هەڵگەڕاوە لە ئیسلام و هەڵهاتوو لە دەسەڵاتی سیاسی ناساندووە، ئەم گۆڤارە توانی بە بابەت و نووسین و وێنەکانی ناوی ستەملێکراوی گەلی کورد و تاوانی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە بخاتە ڕوو و بە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی بناسێنێت.[٥٥]

جیا لە گۆڤاری نەفیر، بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕێگەی هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی جیهانی ئیسلامییەوە توانی هەواڵ و ڕاستی ئەو تاوانە بگەیەنێتە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەنموونە:

١.گۆڤاری (لواء الاسلامية) کە زمان حاڵی ئیخوان موسلیمین بوو، لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٤/١٧ بابەتێکی بەناونیشانی (هەڵەبجە تاوانی جەنگی تێدا ئەنجامدراوە) بڵاوکردەوە.

٢.ڕۆژنامەی (اخبار عالم الاسلامية) لە ژمارەی (١٠٧٠)ی خۆیدا وێنەیەکی (عومەری خاوەر)ی داگرتووە و باس لە ستەمکاری بەعس بەرانبەر خەڵکی هەڵەبجە دەکات.[٥٦]

لە یەکەمین ساڵیادی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجەشدا(١٩٨٩/٣/١٦) نووسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامی پێشانگایەکی وێنە و پۆستەری لە شاری سنە کردەوە، لەم پێشانگایەدا (٧١) وێنەی شەهیدانی هەڵەبجە و ڕووخان و سوتانی گوندەکانی کوردستان نیشاندران، هەمان پێشانگا گوازرایەوە بۆ شارەکانی مەریوان و پاوە، پێشانگاکە توانی بەشێکی کەم لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لە دژی هەڵەبجە و سنوورەکەی بە خەڵکی ئەو شارانە بناسێنێت.[٥٧]

لە دووەمین ساڵیادی تاوانەکەدا (١٩٩٠/٣/١٥)، ئەندامان و لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕێپێوانێکیات لە شاری سنە دژی سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر بە گەلی کورد بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی ئەنجامدا، ڕۆژی دواتر هەر لە شاری سنە هەستان بە کردنەوەی

---

٥٤. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/٤.

٥٥. ئارام علی سەعید: نەفیر، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بەشی ئەزموون و ڕوانگەی کۆمەڵی دادگەری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٢،ل ١١-١٢.

٥٦. فاتیح کریکار:م ص، ص٣٨-٣٩.

٥٧. بەبێ ناوی نووسەر: یەکەمین ساڵ یادی کارەساتی هەڵەبجە، ژمارە(٨)گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ئابی١٩٨٩، ل١٨.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پیشانگایەکی فۆتۆگرافی و پۆستەر و نیشاندانی فیلمی ڤیدیۆیی تاوانی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە، لەم بۆنەی دواییاندا چەندین کەسایەتی ناوخۆیی ئێران و بیانی ئامادەبوون.[٥٨]

**سێیەم/ ڕۆڵی بزووتنەوە لە بەهاناوەچوونی قوربانیانی هەڵەبجە:**

هەر دوای ڕووداوەکە لە ڕێگەی میدیا ئێرانییەکانەوە گەلانی ئێران و میدیا جیهانییەکان ئاگاداری ئەوەبوون کە حکومەتی عێراق چ تاوانێکی گەورەی لە هەڵەبجە ئەنجامداوە، هەرزوو دەنگوباسی کیمیاییبارانی هەڵەبجە و ئەو ڕێژە زۆرەی قوربانیانی سڤیلی شارەکە بڵاوبوویەوە، دوای بیستنی هەواڵەکە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی بە لێپرسراوێتی مەلا مەحمودی ئازادی ڕاسپارد کە بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە ئەسپەردەکردن و شاردنەوەی لاشەی قوربانیانی خەڵکی هەڵەبجە، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکی ئاڕاستەی مەلا مەحمود کرد، لە نامەکەدا هاتبوو: "برام وەرە لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا بڕۆن بۆ هەڵەبجە جەنازەی ئەو قوربانییانە کۆبکەنەوە و بەخاکیان بسپێرن". پێشمەرگەکان ژمارەیان نزیکەی ۹۰ کەس بووە، دوای ئەوەی کە لە پاوەوە بەڕێکەوتوون بە ڕێگای مەرزی شۆشمێ و تەوێڵە و بیارەدا گەڕاونەتەوە بۆ هەڵەبجە، سەرەتای کۆکردنەوەی قوبانییەکانیان لە گوندەکانی (جەلیلە و عەنەب)ەوە دەستپێکردووە، بەوپێیەی کە ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییەکان لەکاتی هەڵاتندا لەو دوو گوندە کوژرابوون، بەتایبەتی گوندی عەنەب.[٥٩]

هاوزەمان لەگەڵ ناردنەوەی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەدا، مەلا عوسمان عەبدولعەزیز نامەیەکی ئاڕاستەی ئاغای مونتەزەری کردبوو، تیایدا داوای لە ئێرانییەکان کردبوو لەو هەڵمەتەدا هوکاری بزووتنەوە بکەن، بە دابینکردنی ئامێر و کەرەستەی پێویست بۆ کۆکردنەوەی لاشەی قوربانیان و پاشان بە خاك سپاردنیان لە گۆڕی بە کۆمەڵدا.[٦٠] هێزەکەی بزووتنەوە زۆربەیان لە شاری سنەوە گەڕابوونەوە و وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد چووبوونە پاوە و دواتر بە چەند ئۆتۆمبیلێك بەرەو هەڵەبجە بەڕێکەوتبوون.[٦١]

بەپێی گێڕانەوەکانی مەلا مەحمودی ئازادی ئەوان تاکە لایەنێکی کوردی بوون کە بەو خێراییە و هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دوای تاوانەکەدا لیژنەیان بۆ ئەو مەبەستە دروستکردووە و گەڕاونەتەوە

---

٥٨. بەبێ ناوی نووسەر: هەواڵەکانی ناوخۆی بزوتنەوە، ژمارە(١٤-١٥)گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ئابی١٩٩٠، ل٣١.

٥٩. ئارام عەلی سەعید: مەلا مەحمودی ئازادی بەرپرسی لیژنەی کۆکردنەوەی تەرمەکانی هەڵەبجە، ڕۆژنامەی ئازاری هەڵەبجە، ژمارە(١)، ٢٠٠٧/٣/١٥، ل٥.

٦٠. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هەولێر،٢٠٢٥/٨/٤.

٦١. عومەر عەبدول: ئەو گوڵەگەنمانەی لە داس بەجێمان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٢١،ل٤٣٠.

بۆ هەڵەبجە، بەبێ هیچ کەرەستەیەکی خۆپارێزیی و بەدەست و بازووی پێشمەرگەکان ڕۆژانە بەنێو ماڵ و ژێرزەمین و کووچە و کۆڵانەکانی شار و ڕێگاکانی دەرەوەی شار و گوندەکانی دەوروپشتی هەڵەبجەدا دەگەڕان بەمەبەستی کۆکردنەوە قوربانییەکان، دوای کۆکردنەوەیان لە ئامێری بارهەڵگری گەورە و بچووك باردەکران و ڕەوانەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکران، بۆ ئەسپەردەکرنیشیان زۆرتر کەڵك لەو چاڵە گەورە و قوڵانە وەردەگیرا کە بەهۆی بۆردوونی فرۆکەجەنگییەکانی حکومەتی عێراقەوە دروست ببوون، بەتایبەتی لە گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجە، بەشێوەیەك زۆرترین قوربانییەکان کەوتوونەتە ناو ئەو گۆڕستانەوە.[٦٢]

جگە لە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئێرانییەکان ژمارەیەک پۆلیسی بانکی هەڵەبجەیان بە دیل گرتبوو، کە ژمارەیان ١٢ کەس بوو، ئەم پۆلیسانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە بۆ کۆکردنەوەی لاشەی قوربانییەکان بەکاردەهێنران.[٦٣]

ڕوونتر بڵێین، لەو کات و ساتەدا بزووتنەوەی ئیسلامی تەنها لایەنێکی کوردی بوو، کە شانبەشانی ئێرانییەکان سەرگەرمی دەرهێنان و کۆکردنەوەی لاشەی قوربانییەکان بوو لەناو ماڵ و ژێرزەمینەکان و کووچە و کۆڵانەکانی ناو شاردا،[٦٤] بەوهۆیەوە توانیان ڕۆڵێکی گەورە ببینن لەو پرۆسە گەورە و قورسەدا،[٦٥] پرۆسەکە نزیکەی یەك مانگ بەردەوام بوو.[٦٦]

هەر لەکاتی کۆکردنەوەی لاشەی قوربانییەکان و ڕۆژانی دواتر یەکێك لەو دیاردە ناشیرینانەی کە لە هەڵەبجە سەریهەڵدا، دیاردەی دزیی و تاڵانی بوو، ئێرانییەکان دەستێکی باڵایان لەو کارەدا هەبوو، بەشێکی بە بەرنامە و بەشێکیشیان بەبێ بەرنامە و سەربازەکانیان بەبێ ئاگاداری سەرەوە ئەو کارەیان دەکرد، لە پاڵ ئێرانییەکاندا، ژمارەیەک لە خەڵکی ئاسایی و پێشمەرگە و بەرپرسی لایەنە کوردییەکانیش لەو بابەتە گلابوون، تەنها لایەنێک کە دوور بوو لەم دیاردەیە بزووتنەوەی ئیسلامی و پێشمەرگەکانی بوون.[٦٧]

دوای ئاوارەبوونی خەڵکی هەڵەبجەش بۆ ئۆردوگاکانی ئێران، مامۆستایان و زانایانی ئایینی

---

[٦٢].چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا مەحمودی ئازادی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/٤.

[٦٣]. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ فاروق عەلی، سلێمانی،٢٠٢٥/٥/١٤.

[٦٤]. موحسین صالح: ئیسلامییەکان و کارەساتی هەڵەبجە، ڕۆژنامەی ئازاری هەڵەبجە، ژمارە(١)، ساڵی یەکەم، ٢٠٠٥/٣/١٦، ل٦.

[٦٥].کامیل مەحمود، خۆنەویستی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕۆژەکانی کیمیابارانداد، ژمارە (٣) گۆڤاری ئاسۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە، ل٦.

[٦٦]. عومەرعەبدول: س پ، ل٤٣٠.

[٦٧]. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ مەلا مەحمودی ئازادی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/٤.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بزووتنەوە ناوبەناو سەردانی ئاوارەکانیان دەکرد و لە بار و گوزەرانیان دەپرسینەوە، هەروەك ڕۆڵێکی گەورەیان دەبینی لە چارەسەرکردنی بەشێك لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئاوارەکاندا، لەنێویاندا چارەسەکردنی بەشێك لەو خێزانانەی کە منداڵیان ون ببوو، ئەویش دوای گەڕان و سۆراغکردنی منداڵ و خێزانەکان و گەیاندنەوەیان بەیەکتر.[٦٨]

ئەو مامۆستا و زانا ئایینیانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە کارتی ڕێگەپێدانیان بۆ کرابوو، بەوهۆیەشەوە ئازادبوون لە گەڕان و سەردانیکردنی ئاوارەکان، ئەوە لەکاتێکدا لە سەرەتاوە لەبەر زۆر هۆ ئێرانییەکان بواری جموجوڵ و هاتووچۆی ئاوارەکانیان لەنێو ئۆردووگاکان و شار و شارۆچکەکانی ئێران نەدەدا، تەنانەت بۆ سۆراغکردنی منداڵ و کەسوکارەکانیشیان، لەو ڕووەوە بزووتنەوە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دۆزینەوەی منداڵان و ئەندامانی تری دابڕاو لە خێزانەکانیان و یەکخستنەوەیان، هەروەها گێڕانەوەی ئەو ماڵانەی دوورخرابوونەوە بۆ ئۆردووگا دوورەکان و هێنانەوەیان بۆ ئۆردووگاکانی سنووری پارێزگای سنە و کرماشان.[٦٩]

بزووتنەوەی ئیسلامی توانی لە ڕێگەی هەوڵەکانی خۆیەوە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەدنیای دەرەوە بناسێنێت بەتایبەتی جیهانی ئیسلامی، لێرەوە یەکێک لە هاوکارییەکانی بزووتنەوە بۆ ئاوارەکانی هەڵەبجە ئەوەبوو کە دەزگای فریاگوزاری ئیسلامی جیهانی لە ڕێگەی ئەمانەوە کۆمەکێکی زۆریان گەیاندە ئاوارەکانی هەڵەبجە. هاوکارییەکان لە دەرەوەی ئێران کۆدەکرایەوە و لە ڕێگەی دەزگاکانی فریاگوزاریی ئیسلامی جیهانی و فریاکەوتنی ئیسلامی کوردستان کە سەر بە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکرا. یەکێکی تر لە کارەکانیان ئەوەبوو، هاوکاریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی بێ باوکیان لەئەستۆگرت، هاوکارییەکەش زۆرتر پارەبوو، کە بەشێوەی مانگانە بۆیان بڕیبوونەوە. یارمەتییەکان بەبێ گوێدانە ئینتیمای سیاسی بەسەر ئاوارەکاندا دابەش دەکرا.[٧٠]

## چوارەم/ هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بزووتنەوە بۆ گەیاندنی تاوانی هەڵەبجە بە دونیای دەرەوە:

### أ. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بزووتنەوە لەسەر ئاستی ئێران:

[٦٨]. هاودەنگ محەمەد فەرەج: س.پ،بەرگی یەکەم، ل٢٠٨.

[٦٩]. موحسین صالح: س پ، ل٦.

[٧٠].چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەبدولڕەحمانی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/٤.

له دوای تاوانی هەڵەبجە، ئێرانییەکان لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٤/٣ داوایان لە بزووتنەوەی ئیسلامی کرد، کە کەسێک دیاری بکات بۆئەوەی وەک شایەتحاڵێک لە بەردەم دادگای جنێفی سویسرا گەواهی لەسەر تاوانەکە بدات، بۆ ئەم کارە بزووتنەوە مەلا عەلی عەبدولعەزیزی دیاری کرد، هەمان کات نووسینگەی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە ئەلبومێکی لە وێنەی قوربانیانی هەڵەبجە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرد، بۆئەوەی لەکاتی گەواهیدانەکەدا وەك بەڵگە نیشانی دادگا بدرێت.(٧١)

هەر لەوچوارچێوەدا، ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دیدارێکدا لەگەڵ میرحسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی ئێران، ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی سەبارەت بە تاوانەکانی بەعس و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی گەلی کورد بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەت پێشکەش کرد.(٧٢) کرد.(٧٢)

بزووتنەوە لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ ناساندن و گەیاندنی تاوانەکە بە دونیای دەرەوە، چونکە پێیوابوو ئەوە بابەتێك نییە کە چاوپۆشی لێبکرێت، بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١٣ بەشێکی زۆر لە لایەنگران و ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازکرد، خۆپیشاندانەکە لە بەردەم نووسینگەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجامدرا، دروشمی خۆپیشاندانەکەش سەرکەوتن بۆ ئیسلام و مردن بۆ سەدام بوو. هەروەك خۆپیشاندەران دەنگی ناڕەزایی خۆیان دژی ڕژێمی بەعس بەرزکردەوە و داوایان لە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرجەم ڕێکخراوەکانی تر کرد گوشاری زیاتر بخەنە سەر ڕژێمی بەعس لەپێناو ڕاگرتنی تاوانەکانی لە دژی گەلی کورد.(٧٣)

**ب. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بزووتنەوە لە دەرەوەی ئێران:**

یەکێك لە چالاکییەکانی بزووتنەوە بۆ ناساندنی تاوانی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە، بەشداریکردنی نوێنەرانی بزووتنەوە بوو لە کۆڕ و کۆنفرانسە جیهانییەکاندا، بزووتنەوە ئەو دەرفەتانەی دەقۆستەوە بۆ ئاشکراکردنی تاوانی کیمیاییبارانکردنی هەڵەبجە و تاوانەکانی دیکەی حکومەتی عێراقی لە دژی گەلی کورد، بۆ ئەم مەبەستە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ مەلا عەلی عەبدولعەزیز وەك نوێنەری بزووتنەوە لە شاری (تەکساس سیتی) ئەمریکا بەشداری لە کۆنفرانسێك کرد، لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە ئیسلامییەکانی جیهان بەشدارییان کرد، لە

---

٧١. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/١٨.

٧٢. بەبێ ناوی نووسەر: هەواڵ و چالاکی ، ژمارە(٤)گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ئابی١٩٨٨،ل٢٤.

٧٣. بەبێ نووسەر: خۆپیشاندانی هێزە نەیارەکانی عێراق دژ بە ڕژێمی عەفلەقی، ژمارە(١٢) گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ١٩٨٨، ل٢٣_٢٥.

کۆنفرانسەکەدا مەلا عەلی عەبدولعەزیز جارێکی دیکە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی بە بیر ئامادەبووان هێنایەوە، باسی هەڵەبجە و گەورەیی تاوانەکەی کرد، کە چۆن ڕژێمی بەعس بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە تاوانێکی لەو شێوەی بەرانبەر بە خەڵکانێکی سڤیلی وڵاتەکەی ئەنجامداوە، بەوەش پێشێلی هەموو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی کردووە ، تەنانەت ئەوانەشی کە خۆی واژۆی لەسەر کردبوون.[٧٤]

لەوەش زیاتر، بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو ڕاپۆرت و وتارانەی کە لەسەر هەڵەبجە لە میدیا جیهانییەکان لەسەر هەڵەبجە بڵاوکرابوونەوە لە پاشکۆی گۆڤاری نەفیردا بڵاوی دەکردنەوە، بۆئەوەی تاوانەکە زیاتر بناسرێت، بەنموونە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣١ گۆڤاری (ئۆڵ سریت جۆرناڵ)ی ئەمریکی دەڵێت: "هەڵەبجە باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پرۆتۆکۆلەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێگریان لە ڕژێمێکی وەک ڕژێمی عێراق نەکردووە کە چەکی کیمیایی قەدەغەکراو بەکارنەهێنێت". هەروەها لە ١٩٨٨/٤/١ ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی دەڵێت: "شاری هەڵەبجە لە کوردستانی عێراق کە ئێران داگیری کردووە و حکومەتی عێراقیش بە چەکی کیمیایی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ بۆردوومانی کردووە، لە ئێستادا بووەتە شاری تارمایی".[٧٥]

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی بزووتنەوە لە گەیاندنی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە دونیای دەرەوە مەلا عوسمان عەبدولعەزیز دەڵێت: "ئێمە لە بزووتنەوەی ئیسلامی وەک ئەرکی سەرشانمان ئەوەی لەدەستمان هات کردمان، یاداشتنامەمان داوە بە هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانە سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و لیژنەی مافی مرۆڤ، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی ئاشتی جیهانی، خاچی سووری نێودەوڵەتی. لەو یاداشتنامانەدا تاوانەکانی ڕژێمی بەعس و ستەملێکراوی کوردمان خستووەتە ڕوو".[٧٦]

بەر لە کیمیابارانی هەڵەبجە، بزووتنەوەی ئیسلامی توانیبووی پەیوەندی لەگەڵ هەندێک کەسایەتی و حیزبی ئیسلامی وڵاتاندا دروستبکات، ژمارەیەك لەوانە دوای تاوانەکە نامەی تایبەتیان بۆ ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی نارد، تیایدا هاوخەمی خۆیان بۆ ڕوودانی تاوانەکە دەربڕی بوو، لەهەمانکاتدا سەرکۆنەی ڕژێمی بەعسیان کردبوو، لە گرنگترین ئەو کەسایەتیانەش بریتی بوون لە:

---

٧٤. ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز: باوکم بە تورکەکانی ووت ئێوە خیلافەتی ئیسلامیتان ڕووخاند نەک پەکەکە، ژمارە(١) گۆڤاری ڕابەر، ٢٠٠٨، ل٧٧.

٧٥. فاتیح کریکار: م ص، ص٢٠-٢١.

٧٦. بێ ناوی نووسەر: وتوێژێک لەگەڵ زانای تێکۆشەر مامۆستا مەلا عوسمان، گۆڤاری ئاڵای ئیسلام، ژمارە(٥،٦)، ساڵی دووەم، ١٩٨٩، ل٤٠١-٤٠٢.

١/ حیکمەتیار ڕابەری گشتی حیزبی ئیسلامی ئەفغانی لە نامەیەکدا(١٩٨٨/٤/٩) بۆ ڕابەری گشتی بزووتنەوە نووسیبووی: "ئەو تاوانە مژدەی لەناوچوونی ئەوانە دەدات، کە پێی هەستاون".[٧٧]

٢/ شێخ ئەبوعەمار زاهید ڕاشیدی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زانایانی ئیسلامی پاکستان و نووسەری ڕۆژنامەی (تەرجمانی ئسلامی) لە نامەیەکدا بۆ ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٨/٥/١٥) جگە لە هاوسۆزی دەبڕین، ڕایگەیاندبوو کە ئەوان زۆر دڵگرانن بەو ڕووداوەی کە تیایدا هەزاران ڕۆڵەی کورد بەدەستی ڕژێمی بەعس بوونەتە قوربانی، هەروەها پاڵپشتی خۆیان بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوە و دۆزی ڕەوای کورد دەربڕی بوو، دژایەتی خۆشیان بۆ ڕژێمی بەعس لە عێراق نیشاندابوو، لەبەرئەوەی هیچ نرخێك بۆ مرۆڤایەتی دانانێت، خەباتی چەکداریشی بە تاکە هۆکار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق لەقەڵەمدابوو.[٧٨]

وادیارە جەلال تاڵەبانی ئاگاداری هەوڵەکانی بزووتنەوە سەبارەت بە هەڵەبجە بووە، ناوبراو لە کۆبوونەوەیەکدا (١٩٩٠) لە شاری کرماشان لەگەڵ ژمارەیەک خەڵکی هەڵەبجە وتبووی: "چوومەتە هەر وڵاتێک، بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییەکان، بەیاننامەکان و پۆستەرکارتەکانی شەهیدانی هەڵەبجەی تێدا بووە، کە بزووتنەوەی ئیسلامی بڵاویکردبوونەوە، هەربۆیە ئەم خەباتەی بزووتنەوەی ئیسلامی کردوویەتی لە بڵاوکردنەوە و ناساندنی تاوانی کیمیابارنکردنی هەڵەبجە بەرانبەرە بە هەموو خەباتی چەند ساڵەی شۆڕشی کورد لە ناساندن و گەیاندنی ستەمی گەلی کورد بە دونیای دەرەوە".[٧٩]

بەکورتی، کیمیابارانی هەڵەبجە بوو ویژدانی هەموو جیهانی هەژاند و دۆزی ڕەوای گەلی کوردی بە دنیا ناساند، لە ڕوانگەی تاوانی هەڵەبجەوە ناوەندە جیهانییەکان بۆیان ڕوونبوویەوە کە کورد لەژێر باری ستەم و چەوساندنەوە و هەوڵی لەناوبردنی بەکۆمەڵدایە، هەرچەندە زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە ڕژێمی بەعس و سروشتی حوکمڕانی سەدامیان دەناسی و بێدەنگیان هەڵبژارد بوو، بەڵام تاوانی هەڵەبجە ڕایگشتی جیهانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی شەرمەزار کرد و ناچاریکردن نیگەرانی دەربڕن و دان بەوەدا بنێن لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزێک هەیە بەناوی دۆزی کوردەوە.

**ئەنجام:**

---

٧٧.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/١٨.

٧٨. حەکیم مەلا ساڵح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠١١، ل٣٥٣.

٧٩. هاودەنگ محەمەد فەرەج: س.پ، بەرگی یەکەم، ل٢١٢.

١ . گرتنی هەڵەبجە لەلایەن ئێران و حیزبە کوردییەکانەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕژێمی بەعس پاساوی دەست بکەوێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەوشارە بە چەکی کیمیایی بۆمب باران بکرێت.

٢ . لە هێرشی سەر هەڵەبجەدا خەڵکی هەڵەبجە و هێزی پێشمەرگە زەرەرمەندی یەکەم و ئێرانیەکانیش سوودمەندی یەکەم بوون، عێراقیش بەم کارەی سنوری بۆ پێشرەوی زیاتری هێزەکانی ئێران و پێشمەرگە دانا. چونکە لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا جگە لە وێرانبوونی شارەکە هەزاران کەس بوونە قووربانی و ئەوانەشی کە مانەوە ئاوارەی ئێران بوون.

٣ . هۆکاری بەشداری نەکردنی بزووتنەوە ئیسلامی لە گرتنی هەڵەبجە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە مەلا عوسمان عەبدولعەزیزی ڕابەری گشتی، پێی وابووە کە گرتنی ئەم شارە ئاسانە، بەڵام ڕژێمی بەعس ئەوەی لە دەستی بێت، بۆ لە ناوبردنی ئەم شارە دریغی ناکات، لەم نێوەندەدا خەڵکی هەڵەبجە دەبنە سوتەمەنی ئەم هێرشە. مەلاعوسمان هەستی بە مەترسییەکی گەورە دەکرد کەتووشی دانیشتوانی هەڵەبجە دەبێت، ئەمەش بۆ ناسینی سروشتی ڕژێمی بەعسی دەگەڕایەوە کە پێشتر بەسەر خەڵکی ناوچەکەی هێنابوو لە لێدان و بریندارکردن و کوشتنو ئاوارەکردنی خەڵکی ناوچەکە.

٤ . بزووتنەوەی ئیسلامی گرتنی شاری هەڵەبجەی بە کارێکی ناشەرعی دەزانی بۆ ئەم کارە یەکێک بوو لەو حیزبە کوردییانەی کەدژی ئەم هێرش و گرتنە بوو، تەنانەت مەلاعوسمان نامەی تایبەتی نارد بۆ ئیمام خومەینی ڕابەری گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە مەترسی ئەم کارەش ئاگاداری کردەوە.

٥ . بزووتنەوەی ئیسلامی وەک لایەنێکی کوردی هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی ئەم تاوانەی ڕژێمی بەعس وەکو تاوانەکانی تری پەردە پۆش نەکرێت، هەربۆیە چەندیین وێنەی قوربانیانی تاوانە گرت، وەک بەڵگەیەک بۆ ناساندنی ئەم تاوانە بەکاری دەهێنا، ئەمە جگەلە هەوڵە میدیایی و دیبلۆماسیەکانی لە سەر ئاستی ئێران و دەرەوەی ئێران بۆ دەرخستنی ئەم تاوانە بەکاری دەهێنا.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

بسم الله الرحمن الرحيم

٢٤/رجب/
١٢/٣/١٩٨٨

براى خۆشەویست مەلا علی .. سڵاو و ڕێزم دەگەیەنم بۆ هەموو برایانی موجاهید بەتایبەتی کاک مەلا احمد .. سەبارەت بەبەشداری ئێمە لە هێرشەکەی بۆ سەر هەڵەبجە دەڵێی بۆتانم نووسیوە لەم بارەیەوە جارێکی تر دەینووسمەوە بۆتان: ئەم جارە منیش بەشداری تیا ناکەم من مەسئولییەتی بەشداری ناگرم ئەگەر ئەمجارە ئەمە سەرۆکایەتی ئێرانییەکان و ئەوانی تر. بە هەموو برایان بڵێ بەشداری کردنەکە ئاماری خراپە. جاری نا بەدڵی تیایە. ڕاستە هێرشکردنی ئەمجارە هەڵەبجە زۆر ئاسانە بەڵام ئێوە ئەزانن کە حیزبی بەعسی نامرۆ جوێنەو ڕقێکی لە هەڵەبجە هەیە و ئەمانی تیا نییە کە بە هەموو چەکێکیش لێی ئەدا و ویرانی ئەکا. ئێمە بەڵێنمان داوە لەگەڵ ئێران لە هەڵەبجە لە تەیاران بپارێزن. هەڵەبجە و دەوروبەری مەرکەزی ئێمەی ئەگەر ویران کرا .. دەوروبەرمان چی لێ ئەبێ؟
لەگەڵ ئەم نامەیەدا شێخ عبداللطیف قسەت بۆ ئەکا و پێت ڕائەگەیەنی کە ئێمە لەم هێرشەدا بە هیچ شێوەیەک بەشداری ناکەین جارێکی تر ئەڵێمەوە ئەبێ بەشداری تیا نەکەین و من ئەم مەسئولیەتە ئەستۆ ناگرم..

بە خوای ئەسپێرم والسلام علیکم


برایان
عثمان عبدالعزیز


بەڵگەنامەی ژمارە(1)


سەرچاوە: ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، ١٩٤٦-١٩٩١، ل٤١٩.





(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)







بەڵگەنامەی ژمارە(2)

وەرگیراوە لە: ئەرشیفی عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز.

## ليستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: کتێبەکان:**

**ئەلف: کتێبە کوردیەکان:**


١ . ئومێد ناسح جیهانی: جینۆسایدی هەڵەبجە، چاپخانەی سارا، ,سلێمانی، 2023

٢ . شەوکەت حاجی مشیر: کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی،١٩٩٨.

٣ . تالب دەرباز: هەوارگەی شارەزوور ،بێ شوێنی چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤ . ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان١٩٤٦-١٩٩١،چاپی دووەم، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی، ٢٠٠٩

٥ . نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناوبازنەدا،بێ شوێنی چاپ، سلێمانی،١٩٩٩.

٦ . ڕۆست هێلتەرمان: (٢٠٠٨)، کارێکی ژەهراوی ئەمریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، و: محەمەد حەمەصاڵح توفیق، چاپخانەی کۆمپانیایی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٧ . ئارام شەمێرانی: ئینسکلۆپیدیای هەڵەبجە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣.

٨ . محەمەد فەرەج، هاودەنگ: ڕۆمەڵخەزای هەڵەبجە، بەرگی یەکەم، سلێمانی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠١٣.

٩ . ئیدریس سیوەیلی: لە هەناوی ئیخوانەوە بۆ چەخماخەی چەک،چاپخانەی شاڤان، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠ . عەلی باپیر: چەندمەلۆیەک لە خەرمانی تەمەن، چاپی یەکەم،بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٤.

١١ . نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە هاوخەباتییەوە بۆ تەخوین، بێ شوێنی چاپ، سلێمانی،٢٠١٠.

١٢ . علی تەتەر نێرویی: سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا١٩٧٥-١٩٩١، چاپخانەی زانکۆی دهۆک، دهۆک، ٢٠١٠.

١٣. ئارام علی سعید: نەفییر (بڵاوکراوەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەرەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق١٩٨٨-١٩٩٢)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.

١٤ – عومەرعەبدول: ئەو گوڵەگەنمانەی لە داس بەجێمان، چاپی دووەم،بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١

١٥ . حیکمەت مەلا سالح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠١١.


**با: کتێبە فارسیەکان:**

١ . محمد درودیان: شلمچه تا حلبچه، بررسی وقایع سیاسی –نظامی جنگ درسال ١٣٦٦ درگیری بامریکا درخلیج فارس، انتقال منطقه نبرد از جنوب غرب، سیری درجنگ ایران و عراق،تهران، مرکزاسناد دفاع مقدس " مرکزمطالعات تحقیقات جنگ"، جلدچهارم، چاپ هفتم، چاپخانه ارین، ٢٠١٣.

**جيم: کتێبە عەرەبیەکان:**

١ . فاتيح كريكار: فاجعة حلبجة، ١٩٨٩.

٢ . السامرائی، وفیق: حطام البوابة الشرقية، الطبعة الاولى، دارالقبس، ١٩٩٧.

**دووەم: نامە ئەکادیمیە کوردییەکان:**

١ . فاروق محەمەد محەمەد ئەمین: سیاسەتی ئێران بەرانبەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان(١٩٧٥-١٩٨٩)، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢ . عادل سدیق علی: کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران– عێراقدا هەڵەبجە(١٩٨٨/٣/١٦) بەنمونە، چاپخانەی ڕێنوێن، سلێمانی، ٢٠١٨

**سێیەم: ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

**ئەلف: ڕۆژنامەکان:**

١ . ئارام عەلی سەعید: مەلا مەحمودی ئازادی بەرپرسی لیژنەی کۆکردنەوەی تەرمەکانی هەڵەبجە، ڕۆژنامەی ئازاری هەڵەبجە، ژمارە(٣)، ساڵی سێیەم١٥/٣/٢٠٠٧.

٢ . موحسین صالح: ئیسلامییەکان و کارەساتی هەڵەبجە، ڕۆژنامەی ئازاری هەڵەبجە، ژمارە(١)، ساڵی یەکەم، ٢٠٠٥/٣/١٦.

**با: گۆڤارەکان:**

٣ . عادل صدیق علی،: (٢٠٢٢)، کیمیابارانی هەڵەبجە لە بیرەوەری فاروق علی دا، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزری ڕۆشنبیری وەرزییە، ژمارە ٣٥، ٢٠٢٢.

٤ . عادل صدیق عەلی،: (٢٠٢٢)، کیمیایبارانی هەڵەبجە لە بیرەوەری محەمەدی حاجی مەحمود دا، گۆڤاری خاڵ، گۆڤارێکی هزری ڕۆشنبیری وەرزییە ژمارە٣٠، ٢٠٢٢

٥ . ئیحسان عەلی عەبدولعەزیز،: (٢٠٠٨)، باوکم بە تورکەکانی وت، ئێوە خیلافەتی ئیسلامیتان ڕووخاند نەک پەکەکە، گۆڤاری ڕابەر، ژمارە ١، ٢٠٠٨.

٦ . بەبێ ناوی نوسەر: هەواڵ و چالاکی، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە٤، ١٩٨٨.

٧ . بەبێ ناوی نوسەر: هەواڵ و چالاکی، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە٣، ١٩٨٨.

٨ . بەبێ ناوی نوسەر: هەواڵ و چالاکی، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە٧، ١٩٨٨.

٩ . بەبێ ناوی نوسەر: یەکەمین ساڵ یادی کارەساتی هەڵەبجە، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە٨ ، ١٩٨٩.

١٠ . بەبێ ناوی نووسەر: وتوێژێک لەگەڵ زانای تێکۆشەر مامۆستا مەلا عوسمان، گۆڤاری ئاڵای ئیسلام، ژمارە٥-٦، ١٩٨٩.

١١ . بەبێ ناوی نوسەر: هەواڵەکانی ناوخۆی بزووتنەوە، گۆڤاری دەنگی باوەڕ، ژمارە١٤-١٥ ، ١٩٩٠.

١٢ . کامیل مەحمود: خۆنەویستی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕۆژەکانی کیمیابارانیدا، گۆڤاری ئاسۆی هەڵەبجە، ژمارە٣، ١٩٩١.

**چوارەم: چاوپێکەوتنەکان:**

١٣ . چاوپێکەوتنی عادل سدیق لەگەڵ عەبدولرەحمان مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، هەولێر ٢٠٢٤/٥/٩،بڵاونەکراوە.

١٤ . چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلامحمودئازادی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/٤.

١٥ . چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان نەورەسی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/١٥.

١٦ . چاوپێکەوتن لەگەڵ عیرفان عەلی عەبدولعەزیز، سلێمانی، ٢٠٢٥/٢/١٨.

١٧ . چاوپێکەوتن لەگەڵ نەجمەدین شێخ صدیق، خورماڵ، ٢٠٢٥/٥/٢.

١٨ . چاوپێکەوتن لەگەڵ فاروق عەلی، سلێمانی، ٢٠٢٥/٥/١٤.

١٩ . چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدولرەحمان مەلا عەسمان عەبدولعەزیز، هەولێر، ٢٠٢٥/٨/٤.

٢٠ . چاوپێکەوتن لەگەڵ تەهاتەیفورفەتاح، سەیدسادق، ٢٠٢٥/٨/٢٤.

List of sources:
First, the books:
Alphabet: Kurdish Books:
1 . Omid Naseh Jihani: Genocide of Halabja, Sara Printing House, Sulaimani,
2 . Shawkat Haji Mshir: Halabja Chemical Attack Tragedy, Be Shuni Chap, Sulaimani, 1998.
3 . Taleb Darbaz: Hawargay Sharazoor, Be Shuni Chap, Sulaimani,
4 . Idris Siwayli: Islamic Movement in South Kurdistan 1946-1991, Second Edition, No Place of Printing, Sulaimani,
5 . Nesrin Mustafa Amin: Rotation in the circle, no place of print, Sulaimani,
6 . Rost Helterman: (2008), A Poisonous Work of the United States and Iraq and the Halabja Gas Attack, edited by Mohammed Hama Saleh Tofiq, Awene Company Printing House, Sulaimani,
7 . Aram Shamerani: Encyclopedia of Halabja, Hevi Printing House, Erbil,
8 . Mohammed Faraj, Hawdang: Romalkhazai Halabja, Volume 1, Sulaimani, Volume 1, Chawarchra Printing House, Sulaimani,
9 . Idris Siwayli: From the Brotherhood to the Weapon, Shavan Printing House, Sulaimani,
10 . Ali Bapir: Chandmaloyek la Kharmani Tam, 1st edition, no place of print,
11 . Nesrin Mustafa Amin: From Hawkhabati to Takhuin, Be Shuni Chap, Sulaimani,
12 . Ali Tatar Nerwayi: Iraqi Government Policy in Kurdistan in the Shadow of Official Documents 1975-1991, Duhok University Press, Duhok, 2010.
13. Aram Ali Saeed: Nafiir (Publication of Media and Foreign Relations of the Islamic Movement in Iraqi Kurdistan 1988-1992), 1st Edition, Sulaimani,
14- Omar Abdul: The Wheat We Left Behind, 2nd Edition, No Place of Printing,
15 . Hikmat Mullah Salih: Halabja in the Embrace of History, Chawarchra Printing House, Second Edition, Sulaimani,
Let: Persian books:
1 . Mohammad Drudian: Shalmache to Halabche, Political and Systemic Situation of War in 1987 US Intervention in the Persian Gulf, Transfer of Nabard Region from Southwest, Iran-Iraq Gateway, Tehran, Holy Defense Documentation Center War Research Center", Volume Charm, Seventh Edition, Arin Printing House,

Jim: Arabic books:
1 . Fatih Krikar: Fajha Halabja,
2 . Al-Samra'i, Wafiq: Hatam al-Bawabah al-Sharqiyah, first edition, Dar al-Qabs,
Second: Kurdish Academic Letters:
1 . Farooq Mohammad Mohammad Amin: Iran's Policy towards the Kurdish Liberation Movement in South Kurdistan (1975-1989), Renwen Printing House, Sulaimani, 2014.
2 . Adel Sadiq Ali: Kurdish Massacre in the Iran-Iraq War Halabja (16/3/1988) for example, Renwen Printing House, Sulaimani,
Third: Newspapers and magazines:
A: Newspapers:
1 . Aram Ali Saeed: Mullah Mahmoudi Azadi, Head of Halabja Bodies Collection Committee, Azari Halabja Newspaper, No. 3, Year 3, 15/3/2007.
2 . Mohsin Salih: Islamists and the Halabja Tragedy, Halabja March Newspaper, No. 1, Year 1, 16/3/2
Wind: Magazines:
3 . Adel Siddiq Ali, (2022), Halabja Chemical Attack in Memory of Farooq Ali, Khal Magazine, a Seasonal Cultural Thought Magazine, No. 35,
4 . Adel Siddiq Ali, (2022), Halabja Chemical Attack in Memory of Mohammed Haji Mahmoud, Khal Magazine, Seasonal Cultural Thought Magazine No. 30,
5 . Ihsan Ali Abdulaziz, (2008), My father told the Turks, you overthrew the Islamic Caliphate, not the PKK, Raber Magazine, No. 1,
6 . Without the author's name: News and Activities, Voice of Faith Magazine, No. 4,
7 . Without the author's name: News and Activities, Voice of Faith Magazine, No. 3,
8 . Without the author's name: News and Activities, Voice of Faith Magazine, No. 7,
9 . Without the name of the author: First Year Commemoration of the Halabja Tragedy, Voice of Faith Magazine, No. 8,
10 . Without the name of the author: An interview with the struggling scholar Mullah Osman, Alai Islam Magazine, No. 5-6,
11 . Without the name of the author: Local News of the Movement, Voice of Faith Magazine, No. 14-15,
12 . Kamil Mahmoud: Self-love of the Peshmergas of the Islamic Movement in the Days of Chemical Attacks, Asoy Halabja Magazine, No. 3, 1991.

Fourth: Interviews:
13 . Interview with Abdulrahman Mullah Osman Abdulaziz, Erbil 9/5/2024, unpublished.
14 . Interview with Mala Mahmoud Azadi, Sulaimani, 4/2/2
15 . Interview with Abdulrahman Nawrasi, Sulaimani, 15/2/2
16 . Interview with Irfan Ali Abdulaziz, Sulaimani, 18/2/2
17 . Interview with Najmadin Sheikh Siddiq, Khurmal, 2/5/2
18 . Interview with Farooq Ali, Sulaimani, 14/5/2
19 . Interview with Abdulrahman Mullah Osman Abdulaziz, Erbil, 4/8/2
20 . Interview with Tahatayfur Fatah, Said Sadiq, 24/8/2